# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٢٣) سالّی بیست وچوار ١٦ ئەیلول ٢٠٢٤زایینیی ٢٥ گەلاوێژ ٢٧٢٤ کوردی ١٣ ربیع الأول ١٤٤٦ کۆچی

323



**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** لا ١

ڕێنمایی خوێندنی دیپلۆمی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ١٠

ڕێنمایی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە شێوەی بڕوانامەی هاوبەش لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢١

تایبەت بە ڕاگرتنی باج

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢٢

ڕسوماتی کرێی (خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و شوێنەکانی ئامادەکردنی گژوگیای سروشتی)

**ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٢٦

ڕێنمایی لیژنە پزیشکییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ٣٤

هەمواری سێیەمی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

**بەیانی ژمارە (١٤ و ١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ٣٤

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٣٥

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٦

کرێی کارگێری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەڵگەکانی تاوان

**بەیانی ژمارە (٣ و ٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی پەروەردە** ٣٨

**بەیانی ژمارە (٤ و ٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٣٩

**بەیانی ژمارە (١٩ — ٢٠ - ٢١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٤٠



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد (٣٢٣) السنة رابعة وعشرون ١٦ أيلول ٢٠٢٤ م. ٢٥ گەلاویژ ٢٧٢٤ ک. ١٣ ربيع الأول ١٤٤٦ هـ.

323

*The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice*


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ١ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ١٠ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة المالية والاقتصاد | ٢١ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة المالية والاقتصاد | ٢٢ |
| تعليمات رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٢٦ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٣٤ |
| بيان رقم (١٤ و ١٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٣٤ |
| بيان رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٣٥ |
| بيان رقم (١١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣٦ |
| بيان رقم (٣ و ٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التربية | ٣٨ |
| بيان رقم (٤ و ٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة والموارد المائية | ٣٩ |
| بيان رقم (١٩ — ١٨ - ٢١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٤٠ |


No. 323 Date: September 16, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

نرخ ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ١٧٠١٣ لە ٢٠٢٤/٩/٣**

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەمواركراو، هەروەها پاڵپشت بە تەوەری پێنجەم/ کاروباری قوتابیان/ خوێندکاران، بڕگەی یەکەم لە کۆنووسی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤
## ڕێنمایی خوێندنی دیپلۆمی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان

### بەشی یەکەم: ئامانج و پێناسەکان

**ماددەی (١): ئامانجەکان:** خوێندنی پیشەیی و بڕوانامەی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە لە هەرێمی کوردستان ئەم ئامانجانە لەخۆ دەگرێت:

١- **گەشەپێدانی لێهاتوویی:** ڕاهێنانی قوتابیان و خوێندکاران لەسەر کارامەیی پراکتیکی و ئەزموونی دەستی کە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بوارە پیشەییە هەڵبژێردراوەکەیان، وایان لێبکات لەگەڵ دەرچوونیان ئامادەبن بۆ کارکردن.

٢- **زانیاری پەیوەندیدار بە پیشە:** دابینکردن و پێدانی زانیاری نوێ و تایبەت بە پیشە جیاوازەکان بە قوتابییان و خوێندکاران کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێداویستی و ڕەوتی گەشەکردنی کەرتی پیشەیی هەڵبژێردراوی خۆیان.

٣- **دامەزراندن:** باشترکردنی توانای بەدەستهێنانی دەرفەتی کار و دامەزراندنی خوێندکاران ئەویش بە بەرزکردنەوەی توانای کێبرکێیان لە بازاڕی کاردا لە ڕێگەی ڕاهێنان و شارەزایی تایبەتمەندەوە.

٤- **ئەزموونی پراکتیکی:** پێشکەشکردنی دەرفەت بۆ قوتابییان و خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی بازاڕی کاری ڕاستەقینە لە ڕێگەی مەشقکردن، ڕاهێنانی پراکتیکی، یان پرۆژە، هەروەها یارمەتیدانیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان تیۆری و پراکتیک.

٥- **ڕێڕەوی کار:** دانانی ڕێڕەوی ڕوون بۆ قوتابییان و خوێندکاران بەمەستی بەرەوپێشچوونی پیشەکەی لە بواری پیشەیی هەڵبژێردراوی خۆیان یان پیشە پەیوەندیدارەکاندا، هەروەها بەشداریکردن لە گەشەسەندنی ئابووری و گەشەپێدانی هێزی کار.

٦- **ستانداردەکانی پیشە:** دڵنیابوون لەوەی کە دەرچووان ستاندارد و بڕوانامە و پێداویستییەکانی پیشەکەیان بەدی دێنن یان تێدەپەڕێنن، بۆ ئەوەی ببنە مایەی گەشەکردنی ئابووری وڵات.

٧- **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان:** پەروەردەکردنی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و توانای چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان کە لە چوارچێوەی بوارە پیشەییەکەیاندا دێنەپێشەوە و سەرهەڵدەدەن.

٨- **پەیوەندی و کاری تیم:** بنیاتنانی توانای پەیوەندی کاریگەر و توانای کارکردنی هاوبەش لە ژینگە پیشەییە جۆراوجۆرەکاندا.

٩- **ئیتیکی پیشەیی:** بنیاتنانی هەستێکی بەهێزی ئیتیکی پیشەیی و دەستپاکی و بەرپرسیارێتی لە قوتابیان و خوێندکاراندا لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ هاوکاران و کڕیاران و خەڵک.

١٠-**ڕێڕەوی خوێندنی بەرزتر:** دانانی بەردی بناغەی هەنگاونان بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی درێژەدان بە خوێندن دەکەن، تاکو بتوانن بڕوانامەی پێشکەوتووتر یان پلەی بەرزتر لە بواری پیشەیی خۆیان بەدەستبهێنن.

١١-**هەمەچەشنی و گشتگیری:** هاندانی هەمەجۆری و گشتگیر لەناو بواری پیشەیی دا، دڵنیابوون لەوەی کە قوتابیان و خوێندکاران لەپاشخانی جیاوازەوە بەیەکسانی دەستیان بەدەرفەتەکان دەگات.

١٢- **خۆگونجاندن:** ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ گۆڕانی سروشتی پیشەکانیان لەڕێگەی پەروەردەکردنی خۆگونجاندن و نەرمی و نیانی و ئامادەییان بۆ فێربوونی بەردەوام بە درێژایی ژیانی پیشەیی خۆیان.

١٣- **گەشەی کەسی:** بەشداریکردن لە گەشەکردنی کەسی قوتابیان و خوێندکاران لەڕێگەی پەروەردەکردنی **متمانە** بەخۆبوون و ئیتیکێکی بەهێزی کارکردن و هەستکردن بە دەستکەوتەکان لەکاتێکدا شارەزا دەبن لە لێهاتووییەکانی پیشەی هەڵبژێردراوی خۆیان.

١٤- **بەشداری کۆمەڵگا:** هاندانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بەشداریکردن و ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگە و پیشە ناوخۆییەکان، دروستکردنی تۆڕ و بەشداریکردنی ئەرێنی لە ناوچەکەدا، هەروەها دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ستاندارد و ئاستبەرز لە بوارە پیشەییە جیاوازەکاندا کە سەلامەتی کۆمەڵگە و تاک بەرجەستە دەکەن.

١٥- **کارسازی:** دابینکردنی زانیاری و لێهاتوویی و کارامەیی پێویست بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ لەبەرچاوگرتنی دەرفەتەکانی کارسازی لە بواری پیشەیی خۆیاندا.

١٦- **فێربوون بەدرێژایی ژیان:** بنیاتنانی بیرکردنەوەی فێربوونی بەردەوام، هاندانی دەرچووان بۆ ئەوەی لە پێشکەوتنەکانی پیشەسازیدا ئاگاداربن و بەدوای خوێندنی زیاتردا بگەڕێن لەکاتی پێویستدا.

**ماددەی (٢): بڕوانامەی دیپلۆمی پیشەیی:**

بریتییە لە بڕوانامەیەکی ئەکادیمی کە لە بوارێکی پیشەیی تایبەتمەند بەدەست دەهێنرێت لەدوای تەواوکردنی پرۆگرامێکی تایبەتی خوێندنی دوای ئامادەیی کە بە شێوەیەکی گشتی ماوەی دوو ساڵ دەخایەنێت. مەبەست لێی بریتییە لە دەستەبەرکردنی توانا و کارامەیی و زانیاری پراکتیکی پێویست لە بوارێکی پیشەیی تایبەتدا، هەروەها گرنگی دەدات بە ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ دامەزراندن یان کارکردن لە پیشەسازی و پیشە جیاوازەکان لە بازاڕی کاردا.

**ماددەی (٣): دامەزراوەکان:**

ئەو دامەزراوانەی کە بۆیــان هەیە پرۆگرامــی خوێنــدنی پیشــەیی بــکەنەوە و بڕوانــامەی دیپلــۆمی پیشەیی دوو ساڵە ببەخشن بریتین لە زانکۆ پۆلیتەکنیکی و زانکۆ زانستەکردارییە حکومییەکان و پەیمانگە تایبەتەکانی تەکنیکی و پیشەیی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان پێدراوە.

**ماددەی (٤): سیستمی خوێندن:**

بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە پشت دەبەسترێت بە سیستمی خوێندن لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی کریدیت لە چوارچێوەی پێواژۆی بۆلۆنیا لەو ماوەی کە بۆ خوێندن دەستنیشان کراوە.

**ماددەی (٥): کرێدیتی پێویست:**

کەمترین کرێدیتی داواکراو بۆ بەدستهێنانی بڕوانامەی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە دەکرێت جیاواز بێت بەپێی دامەزراوەکە و بواری تایبەتی خوێندنی پیشەیی، کە بەشێوەیەکی گشتی نابێت لە (١٢٠) کرێدیت کەمتربێت لە چوارچێوەی پێواژۆی بۆلۆنیا.

**ماددەی (٦): دابەشکردنی کرێدیتەکان:**

کرێدیتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی ژمارەیەک لە کۆرسی خوێندنی گشتی، کۆرسی پیشەیی سەرەکی، ڕاهێنانی پراکتیکی یان مەشقکردن، و هەر کۆرسێکی تری پێویست بەدەست دەهێنرێن. هەر کۆرسێک لەناو پرۆگرامەکەدا ژمارەیەکی دیاریکراوی لە کرێدیتی بۆ دادەنرێت، کە ڕەنگدانەوەی کۆشش و پێداویستی بابەتەکە بێت، بەشێوەیەک کە نزیکەی (٢٠-٣٠٪)ی کرێدیتەکان بۆ کۆرسەکانی خوێندنی گشتی دەبێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ کۆرسە تەکنیکی و پیشەییەکان و بەشەکانی تری پرۆگرامی خوێندنی پیشەیی دەبێت.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی ئەکادیمی پرۆگرامی خوێندنی دیپلۆمی پیشەیی

**ماددەی (٧): هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکان (Needs Assessment):**

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو لێهاتوویی و کارامەییانەی کە گرنگە دەرچووان لە بوارێکی پیشەیی تایبەتدا هەیانبێت، پێویستە هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت بۆ دیاریکردنی ئاراستە و پێداویستییەکانی پیشەسازی لە بوارە پیشەییە جیاوازەکاندا.

**ماددەی (٨): ئاکامەکانی فێربوون(Learning Outcomes):**

پێویستە بە ڕوونی ئەو دەرئەنجامە فێرکارییانە دیاری بکرێت کە چاوەڕوان دەکرێت قوتابیان و خوێندکاران تا کۆتایی پرۆگرامەکە بەدەستی بهێنن. ئەم دەرئەنجامانە دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو کارامەیی ولێهاتوویی وزانیاری وتوانایانە بن کەپەیوەندییان بەبوارە پیشەییە هەڵبژێردراوەکەوە هەیە

**ماددەی (٩):**

پرۆگرامی خوێندنی بڕوانامەی پیشەیی دوو ساڵە، بەمەبەستی دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خوێندنی پیشەیی کە لە ماددەی یەکەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەم ئامانجانە بێت و بە شێوەیەکی گشتی لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێت:

١- **کۆرسی خوێندنی گشتی (General Education Courses):** ئەم کۆرسانە تەواوکەری کۆرسە پیشەییە سەرەکییەکانن بۆ فێرکردن و ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران لە بواری پیشەیی خۆیاندا. ئەم کۆرسانە بابەتەکانی وەک لێهاتووییە سەرەکییەکان، توانای زمان و پەیوەندیکردن، ئیتیکی پیشەیی، گەشەپێدانی کەسی، کارگێڕی و داهێنان، ماتماتیک، زانستە بنچینەییەکان و خوێندنی کۆمپیوتەر لەخۆدەگرێت.

٢- **کۆرسە تەکنیکی و پیشەییە سەرەکییەکان (Core Technical and Vocational Courses):** ئەو کۆرسە سەرەکیانەن کە تیشک دەخەنە سەر دەستەبەرکردنی توانا و ڕاهێنانی کارامەیی و زانیاری پراکتیکی و تەکنۆلۆجیای تایبەت لە بواری پیشەیی هەڵبژێردراودا. ئەو کۆرسانە بناغەی پرۆگرامەکە پێکدەهێنن و مەبەست لە داڕشتنیان بریتییە لە ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ دامەزراندن یان کارکردن لە بوارێکی پیشەیی تایبەتدا.

٣- **ڕاهێنانی پراکتیکی یان مەشقکردن (Practical Training or Internships):** یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی پرۆگرامی خوێندنی دیپلۆمی پیشەیی بریتییە لە ڕاهێنانی پراکتیکی یان مەشقکردن. ڕاهێنان و مەشقکردنی دەستکار ئەزموونێکی پراکتیکی دەستییە کە ڕێگە بە قوتابیان و خوێندکاران دەدات زانیارییە تیۆریەکانی خۆیان لە ژینگەی کاری ڕاستەقینەدا بەکاربهێنن، ئەزموونێکی زۆر و بەنرخی پیشەیی لە بوارەکەی خۆیان بەدەستبهێنن.

٤- **کۆرسە هەڵبژاردەکان (Elective Courses):** ئەو کۆرسانەن کە لە پرۆگرامی خوێندن بەپێی پێویست دادەنرێن، ڕێگە بە قوتابی و خوێندکاران دەدەن کە ئارەزوومەندانە هەڵیانبژێرن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و شارەزا بون لە بوارێکی پیشەیی دیاریکراودا، هەروەها بۆ گەڕان و بەدواداچوون بۆ بابەتێکی پەیوەندیدار کە قوتابی و خوێندکار ئارەزووی دەکات، نابێت لە (٢٠٪)ی کۆی پرۆگرامەکانی هەر سمستەرێکی خوێندن زیاتر بێت.

٥- **پرۆژەی کار (Capstone Project):** لەم ڕێگەیەوە قوتابیان و خوێندکاران هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی کاری کۆتایی کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و پەیوەندی بە بوارە پیشەییەکانیانەوە هەبێت. مەبەست لەم پرۆژەیەش بریتییە لە نیشاندانی توانای قوتابیان و خوێندکاران بۆ پراکتیزەکردنی ئەو لێهاتوویی و کارامەیی و زانیاریانەی کە بەدەستی هێناوە لە ماوەی پرۆگرامی خوێندندا.

٦- **خزمەتگوزاری پشتگیری (Support Services):** دەکرێت دامەزراوەکان خزمەتگوزاری پشتگیری وەک ڕاوێژکردن، ئامۆژگاری ئەکادیمی، و ڕێنمایی پیشەیی بەدرێژایی ماوەی خوێندن پێشکەش بە قوتابیان وخوێندکاران بکەن بەمەبەستی یارمەتیدانییان لەبەدەستهێنانی کار لەبواری پیشەکەی خۆیدا.

**ماددەی (١٠): دانپێدانانی فێربوونی پێشوو (Recognition of Prior Learning):**

لە هەندێک حاڵەتدا، ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە ئەزموونی پێشووی کارکردنیان هەیە یان بڕوانامەی پەیوەندیداریان هەیە، ئەگەر ئەو ئەزموونە یان بڕوانامەیە گونجاو و شایستەی دانپێدانان بێت ئەوا دەکرێت کرێدیتی پێویستی پێ بدرێت، ئەمەش دەتوانێت ماوەی پرۆگرامەکە کورت بکاتەوە و سوود لەو زانیاری و لێهاتوویی پێشوویان وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی بەش و پەیمانگە بەرپرسن لە هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی ئەو ئەزموونە یان بڕوانامەیە و دواتر ڕەزامەندی فەرمانگەی پەیوەندیداری لە وەزارەت پێ وەربگیرێت.

**ماددەی (١١): هەڵسەنگاندن و نمرەدانان:**

ئاستی زانستی و پیشەیی قوتابیان و خوێندکاران هەلدەسەنگێنرێت بە پشتبەستن بە ڕێنماییە کارپێکراوەکانی تاقیکردنەوەکان ئەمەش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی بەردەوام، ئەزمون، پێدانی ئەرک، کاری پراکتیکی، و تاقیکردنەوە. پێوەرەکانی نمرەدان لەلایەن پەیمانگەوە دادەڕێژرێت لە چوارچێوەی سیستمی کارپێکراوی هەرێمی کوردستان کە بریتییە لە بەدەستهێنانی بەلانی کەم (٥٠) لە (١٠٠) نمرە.

**ماددەی (١٢): مەرجەکانی دەرچوون:**

بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی پیشەیی دوو ساڵە، پێویستە لەسەر قوتابی و خوێندکار هەموو کۆرسە پێویستەکان و ڕاهێنانی پراکتیکی بە سەرکەوتوویی تەواو بکات و کەمترین ئاستی کرێدیتی پێویست کە لەلایەن پەیمانگەکەوە دیاری کراوە بەدیبهێنێت لەچوارچێوەی ئەو پرۆگرامە پیشەییەی کە هەڵیبژاردوە.

## بەشی سێیەم: پێشکەشکردن و وەرگرتن

**ماددەی (١٣):**

پێوەرەکانی شایستەبون بەمەبەستی پێشکەشکردن بۆ دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە بەم شێوەی خوارەوەیە:

١- هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بە گشت لقەکانییەوە، یاخود هەر بڕوانامەیەکی تر کە هاوتای بڕوانامەی ئامادەیی بێت، دەکرێت داواکاری بۆ خوێندنی دیپلۆمی پیشەیی پێشکەش بکەن.

٢- دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان ئەگەر داواکاری بۆ بەشێکی پیشەیی لە هەمان پسپۆری خۆیان پێشکەش بکەن ئەوا بەبێ کێبڕکێ وەردەگیرێن، بۆ ئەو بەشانەی جیاوازە لە پسپۆری خۆیان ئەوا دەچنە پێشبڕکێ.

٣- دەرچووانی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەتوانن بەبێ کێبڕکێ لە بەشێکی پیشەیی لە هەمان پسپۆری خۆیان وەربگیرێن، بەڵام بۆ ئەو بەشانەی جیاوازن لە پسپۆری خۆیان ئەوا دەچنە پێشبڕکێ.

٤- هەڵگرانی هەریەک لە بڕوانامەی دیپلۆمی تەکنیکی دوو ساڵە و بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەتوانن بەبێ کێبڕکێ لە بەشێکی پیشەیی لە هەمان پسپۆری خۆیان وەربگیرێن، بەڵام بۆ ئەو بەشانەی جیاوازن لە پسپۆری خۆیان ئەوا دەچنە پێشبڕکێ.

٥- هەڵگرانی هەریەک لە بڕوانامەی پەیمانگەی پێنج ساڵی و دیپلۆمی تەکنیکی و بەکالۆریۆس ئەگەر داواکارییان بۆ بەشێکی پیشەیی جیاواز لە پسپۆری خۆیان پێشکەش کرد ئەوا ڕەچاوی نمرەی بڕوانامەی ئامادەیی و بڕوانامەی پەیمانگەی پێنج ساڵی و دیپلۆمی تەکنیکی یان بەکالۆریۆسەکەیان دەکرێت، ڕێژەی نمرەی هەردوو بڕوانامەکەش بۆ کێبڕکێ لەلایەن وەزارەتەوە ڕێک دەخرێت.

٦- پێشکەشکار نابێت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت.

٧- هەر مەرجێکی تری پێویست ئەگەر لەلایەن پەیمانگەوە دابنرێت بەپێی تایبەتمەندێتی پسپۆرییە جیاوازەکان.

**ماددەی (١٤): پرۆسەی داواکاری و پێشکەش کردن بەم شێوەی خوارەوەیە:**

١- لەلایەن وەزارەتەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆ حکومییە پەیوەندیدارەکان و پەیمانگە تەکنیکی و پیشەییە تایبەتەکان پلاتفۆرمێکی ئەلکترۆنی ئامادە دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پیشکەشکردن و وەرگرتن.

٢- لەنێو پلاتفۆرمەکەدا پرۆسە و فۆرمی پێشکەشکردن بەووردی ئامادە دەکرێت کە سەرجەم زانیارییە پێویستەکان لەخۆ بگرێت، زانیاری تەواو لەسەر پەیمانگەکان و بەشە پیشەییەکان دەخرێتە بەردەست پیشکەشکاران.

٣- ئەم پلاتفۆرمە بەشێوەیەکی بەردەوام و بە درێژایی ساڵ بۆ پێشکەشکاران کراوە دەبێت بۆ ئەوەی داواکاری خۆیان بۆ پەیمانگە و بەشە پیشەییەکان پێشکەش بکەن.

٤- کۆپی بڕوانامە و بەڵگەنامە پێویستەکان لەڕێگەی پلاتفۆرمەکەوە بە شێوەی ئۆنلاین هاوپێچی داواکارییەکە دەکرێت.

**ماددەی (١٥): تاقیکردنەوەی وەرگرتن و چاوپێکەوتن.**

١- ئەگەر لە هەربەشێکی پیشەیی بەپێی تایبەتمەندی پێویستی بە تاقیکردنەوەی وەرگرتن بوو، ئەوا تاقیکردنەوەکە لەلایەن پەیمانگەوە ئەنجام ئەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاری و لێهاتووییەکانیان.

٢- ئەگەر لە هەربەشێکی پیشەیی بەپێی تایبەتمەندی پێویستی بە چاوپێکەوتن بوو، ئەوا چاوپێکەوتنەکە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لە پەیمانگەوە ئەنجام ئەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی خولیا و ئارەزووی پێشکەشکار و گونجاوییان بۆ پرۆگرامی هەڵبژێردراو.

٣- ووردەکاری و میکانیزمی تاقیکردنەوەی وەرگرتن و چاوپێکەوتن پێش ئەنجامدانی لەلایەن پەیمانگەوە بۆ پێشکەشکاران ڕوون دەکرێتەوە.

٤- ئەنجامی تاقیکردنەوەی وەرگرتن و چاوپێکەوتن وەک بەشێک لە پێوەرەکانی وەرگرتن پشتی پێ دەبەسترێت.

**ماددەی (١٦): پرۆسەی هەڵبژاردن و وەرگرتن:**

١- زانکۆ یان پەیمانگە لە ڕێگەی لیژنەیەکی وەرگرتنەوە پێداچوونەوە بە هەموو داواکارییەکان دەکات، ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن (ئەگەر هەبێت)، و ئەدای چاوپێکەوتن (ئەگەر ئەنجام درابێت) لەبەرچاو دەگیرێت.

٢- کاندیدە سەرکەوتووەکان بە پشتبەستن بە بڕوانامەی پێشکەشکراو و ئەزموونی پەیوەندیدار (ئەگەر هەبێت) و گونجاوی گشتی بۆ پرۆگرامەکە هەڵدەبژێردرێن.

٣- لیستی سەرکەوتووەکان بەمەبەستی ووردبینی و پەسەندکردن بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەت/ هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت بەپێی پەیوەندی.

٤- دوای پەسەندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن وەزارەتەوە، زانکۆ یان پەیمانگە ئاگاداری پێشکەشکاران دەکاتەوە لە ئەنجامی وەرگیرانییان لە ڕێگەی ئیمەیل یاخود پەیوەندی کردن.

٥- پرۆسەی پەڵپگرتن لە ئەنجامەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا ئەنجام ئەدرێت.

٦- کاندیدە سەرکەوتووەکان نوسراوی فەرمی وەرگیرانییان لەلایەن زانکۆ یان پەیمانگەوە پێ دەدرێت کە وردەکارییەکانی پرۆگرام و کرێ خوێندن و پرۆسەی پەیوەندی و خۆتۆمارکردن لەخۆدەگرێت.

**ماددەی (١٧): پەیوەندیکردن و خۆتۆمارکردن:**

١- کاندیدە وەرگیراوەکان دەبێت پرۆسەی پەیوەندی کردن بە زانکۆ یان پەیمانگەوە جێبەجێبکەن ئەویش بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامە ڕەسەنەکان و خۆتۆمارکردن و پێدانی قیستی کرێی خوێندن لە ماوەی دیاریکراودا.

٢- پەیوەندی نەکردن و خۆتۆمارنەکردن لەماوەی دیاریکراودا دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەرگیرانەکە هەڵبوەشێتەوە و کاندیدەکانی ناو لیستی یەدەگ بێنە شوێنیان.

**ماددەی (١٨):**

لەپێش دەستپێکردنی پرۆگرامی خوێندن، دانیشتنێکی ئاراستەکردن ڕێکدەخرێت بۆ ئاشناکردنی قوتابیان و خوێندکاران بە یاسا و ڕێساکانی خوێندنی باڵا و زانکۆ و پەیمانگە و خوێندنی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە.

**ماددەی (١٩):**

دەستپێکردنی خوێندن و پرۆگرامی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە بەپێی ساڵنامەی ئەکادیمی دەستپێدەکات.

## بەشی چوارەم: ستافی مامۆستایانی وانەبێژ و ڕاهێنەران

**ماددەی (٢٠):مامۆستایان:**

ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە خوێندنی پیشەیی پێکدێت لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە خاوەنی نازناوی زانستین بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، پێویستە پسپۆرییەکەیان پەیوەندیدار بێت یاخود نزیک بێت لەو بوارە پیشەییەی کە وانەی تێدا ئەڵێنەوە.

**ماددەی (٢١):**

لە حاڵەتی نەبوونی مامۆستا هەروەک لە ماددەی بیستەم ئاماژەی پێکراوە، دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کە پسپۆرییەکەیان پەیوەندیدارە یاخود نزیکە لە بوارە پیشەییەکەدا وەک ئەندامانی دەستەی وانەبێژی سوودیان لێ وەربگیرێت بەمەرجێک خولی پێداگۆجییان تەواو کردبێت.

**ماددەی (٢٢):ڕاهێنەران:**

کەسانی خاوەن ئەزموون لە بوارێکی پیشەیی تایبەت دەکرێت وەک ڕاهێنەر ڕاهێنان بە قوتابیان و خوێندکاران بکەن لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری مامۆستایانی پسپۆر کە لە ماددەکانی بیستەم و بیست و یەک ئاماژەیان پێکراوە.

## بەشی پێنجەم: درێژەدان بە خوێندن

**ماددەی (٢٣):**

هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە بۆیان هەیە بەو بڕوانامەیە درێژە بە خوێندنی ئەکادیمی خۆیان بدەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری پسپۆری پەیوەندیدار بە بڕوانامە پیشەییەکەیان یان نزیک لە بوارەکەیان لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەرجێک جۆری بڕوانامەی ئامادەییەکەیان گونجاوبێت بۆ درێژەدان بە خوێندنی بەکالۆریۆس لەو بەشەی داوای دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگەی پەیوەندیدار لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دەردەکات.

**ماددەی (٢٤):**

هەڵگرانی بڕوانامەی دیپلۆمی پیشەیی دوو ساڵە بۆیان هەیە لەهەمان بواری پیشەیی خۆیان بەشداربن لە پرۆگرامی خوێندنی کورتخایەن (**Re-Skill Program**) کە لەلایەن زانکۆ یان پەیمانگە دەکرێتەوە ئەمەش بەمەبەستی نوێکردنەوە و بەرەوەپێش بردنی توانا و لێهاتووی و کارامەییەکانییان بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانی و پێداویستییە نوێیەکانی بوارە پیشەییەکەدا بگونجێن.

## بەشی شەشەم: حوکمە گشتییەکان

**ماددەی (٢٥):**

ئەو زانکۆ و پەیمانگەیانەی کە خوێندنی پیشەییان هەیە بە سوود وەرگرتن لە یاداشتی لێک تێگەیشتنی نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کۆرسی ڕاهێنانی کورتخایەن بکەنەوە بۆ پیشەوەرانی کەرتی تایبەت، بەشداربوان تەنها بڕوانامەی بەشدارییان پێ ئەدرێت (**Non-Degree Certificate**).

**ماددەی (٢٦):**

بۆردێک دادەمەزرێ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەهاوبەشی لەگەڵ ئەو زانکۆ و پەیمانگەیانەی کە خوێندنی پیشەییان هەیە، بەمەبەستی داڕشتنی سیاسەتی گشتی و ئاراستەی خوێندنی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان، بەپێی پێویستی دەکرێت کەرتی تایبەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لە بۆردەکە بەشدارییان پێ بکرێت.

**ماددەی (٢٧):**

فەرمانگەی پەیوەندیدار لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێویست ساڵانە ڕێکاری مەرج و پێوەرەکان دەردەکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢٨):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

### هۆکارەکانی دەرچونی ئەم ڕێنماییە

بەمەبەستی ڕێکخستن و گەشەپێدانی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی کادری لێهاتووی خاوەن توانا و کارامەیی و بەرپرسیار بەرامبەر کۆمەڵگە و خاوەنکار و پیشەکەی، لەڕێگەی ئەو ڕێسا و یاسایانەی کە زەمینەی بەستنەوەی بازاڕی کاری کورستان بە زانکۆ و پەیمانگەکان، بەدیهێنانی ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی خوێندن دەڕەخسێنن، بۆ ئەوەی خوێندن ببێتە شاڕێگەی بەگەڕخستن و بەدەستهێنانی دەرفەتەکانی کار بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکسانی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ١٧٠٣١ لە ٢٠٢٤/٩/٣**

پاڵپشت بە (ماددەی پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، و کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ی (ئەنجومەنی وەزارەت )، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە شێوەی بڕوانامەی هاوبەش (Joint Degree) لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە، بریتییە لەو واتایانەی کە بەرامبەریان نووسراوە کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە:

- **حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.
- **وەزارەت:** وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق.
- **فەرمانگە:** فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان.
- **زانکۆی ناوخۆ**: زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.
- **زانکۆی دەرەکی**: زانکۆ و دامودەزگا ئەکادیمییەکانی دەرەوەی وڵات کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان باوەڕپێکراون، کە ریزبەندی زانکۆ و دامودەزگا ئەکادیمییەکە لە ریزبەندی زانکۆ نێودەوڵەتیەکان لە (١٠٠٠) هەزار زیاتر نەبێت بەپێی ریزبەندی شەنگەهای. هەر کاتێک ریزبەندی لە (١٠٠٠) زیاتر بوو، ئەوا لە دەسەڵاتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەبێت بۆ بڕیاردان لەسەری.
- **کۆلیژ :** کۆلیژ/فاکەڵتی/سکوڵەکان.
- **کۆلیژ ە پزیشکیەکان**: کۆلیژ ەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی.
- **بەش:** بەشی زانستی لە کۆلیژ ەکان.
- **دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە شێوەی بڕوانامەی هاوبەش (Joint Degree):** ئەم شێوازە خوێندنەیە کە لە لایەن یەکێک لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات دەکرێتەوە و لە لایەن هەردوو لایەنەوە بڕوانامەی هاوبەش بە قوتابیان/خوێندکارانی دەرچوو دەبەخشن.
- **یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**: یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو.

**ماددەی (٢): مەرجە گشتیەکانی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی:**

**یەکەم: تێکڕای نمرە (معدل):** بۆ مەبەستی پێشکەشکردن، تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس مەرج نییە. واتە هەر خوازیارێک تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی (٥٠%) بە سەرەوە بێت، مافی پێشکەشکردنی هەیە.

**دووەم: توانستی زمانی ئینگلیزی:**

١- توانستی زمانی ئینگلیزی مەرجە بۆ پێشکەشکردن، بۆیە خوازیاری گشت بەشەکان پێویستە لە ماوەی پرۆسەی پێشکەشکردن یەکێک لەم دوو مەرجانەی خوارەوە دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە:-

أ. خوازیار ئاستی (**Pre-intermediate**)ی بە شێوازی کۆن و ئاستی (**Intermediate**) بە شێوازی نوێ لە سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە سەرکەوتوویی تەواو کردبێت و بڕوانامەی بەدەست هێنابێت.

ب. خوازیار دەتوانێت نمرەی (٥)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (**IELTS- Academic**) یاخود لە تاقیکردنەوە هاوتاکانی وەکو (**Pearson Academic- PTE٥٢ ,TOEFL- iBT ٥٩,TOEFL- PBT٤١٤**) بەدەست هێنابێت.

٢- سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی وەکو (**PEARSON- PTE, TOEFL, IELTS**) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا) کاری پێدەکرێت، بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت و پشتگوێ دەخرێت.

٣- پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (**IELTS** و **TOEFL** و **PEARSON- PTE** )ی پێشکەشکاران ئەنجام بدەن.

٤- بڕوانامەی خولی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کاری پێدەکرێت. هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (**PEARSON- Academic- PTE ،TOEFL ،IELTS- Academic**) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك بڕوانامەکانی ( **-IELTS Academic، TOEFL، PEARSON- Academic- PTE**) کە ماوەی دوو ساڵیان بەسەر تێپەریووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

**سێیەم: هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی:**

١- هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن بۆ خوازیارەکان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆری پەیوەندیدار بە بەشەکە ئەنجام دەدرێت و لیژنەکە لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی بەش بە فەرمانی کارگێری لە لایەن ڕاگرایەتی کۆلێژ بەشێوەی نهێنی پێکدەهێنرێت.

٢- پرۆسەی چاوپێکەوتن لەسەر (١٠) دە نمرە ئەنجام دەدرێت و مەرجە خوازیار لە چاوپێکەوتن دەربچێت و (٥) پێنچ نمرە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی چوونە نێو پێشبرکێی وەرگرتنی نییە.

٣- دەکرێت زانکۆی دەرەکی بەشداربێت لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی بەو شێوەیەی زانکۆی ناوخۆ و دەرەکی رێکدەکەون.

٤- بۆ مەبەستی دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ نمرەی بەدەستهاتوو دەکرێت (واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).

٥- ئەگەر هاتوو مامۆستا پەیوەندی خزمایەتی تاوەکو پلە (٤) چواری لەگەڵ خوازیاری دیپلۆمی بالای یەک ساڵەی پیشەیی لە هەمان پسپۆری خۆیدا هەبوو، ئەوا نابێت مامۆستایەکە بەشداری لە پرۆسەی چاوپێکەوتن بکات، ئەمەش لە پێناو پیشەیی و شەفافیەت پاراستن لە ئەنجامدانی کاروبارە زانستیەکان.

**چوارەم: تەمەن:**میچ (سقف)ی تەمەنی خوازیار مەرج نییە بۆ پێشکەشکردن، لەبەرئەوەی خوێندنەکە بە شێوازی پاراڵێل دەبێت.

**پێنجەم: سالانی خزمەت:**

١- بۆ خوازیارانی دانەمەزراو لە یەکێک لە دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بە بێ هەبوونی مەرجی سالانی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی دوا بڕوانامە، راستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش خوازیاران پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆکان واژوو بکەن کە لە هیچ دامو دەزگایەکی حکومی هەرێمی کوردستان و عێراق دانەمەزراون، لە حاڵەتی پێشکەشکردنی زانیاری نادروست، قوتابی/خوێندکار راستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی (ترقین قید)ی بۆ دەردەکرێت و رێکاری یاسایی بەرامبەر دەگرێتە بەر.

٢-بۆ خوازیارانی دامەزراو (فەرمانبەری هەمیشەیی) لە دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، مەرجی سالانی خزمەت بەپێی یاسا و پەیڕەو و رێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێت.

**شەشەم: سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن یان هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نین:** هاوڵاتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق مافی پێشکەشکردنی بە شێوازی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم رێنماییە هەیە و راستاندن (صحة صدور)ی گشت بەڵگە و پێویستیەکانیان دەکرێت.

**حەوتەم:** دەکرێت لە لایەن هەردوو زانکۆی ناوخۆ و زانکۆی دەرەکی مەرجی دیکەی پێشکەشکردن زیاد بکرێت، کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ مەرجەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

**ماددەی (٣): پێشبڕکێی وەرگرتن و پێوەرەکانی سیستەمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:**

پێوەری سیستەمی خاڵبەندی بۆ پێشبرکێی وەرگرتن لەسەر بنەمای (تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس و هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و توانستی زمانی ئینگلیزی یان هەر پێوەرێکی دیکە کە لە لایەن هەردوو زانکۆی ناوخۆیی و دەرەکی زیاد بکرێت) دەبێت، هەروەها ئەو خوازیارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسییەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن، بەم شێوەی خوارەوە:

١- تێکڕای نمرەی (٥٠%)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت.

٢- لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەسەر (١٠) دە نمرە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بەدەستهێنانی نمرەی (٥) پێنج لە تاقیکردنەوەکە هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.

٣-بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی خوازیاران، خاڵی لەسەر دەبێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

| وەرگرتنی خاڵ بۆ پێشبرکێ | Pearson-Academic ( PTE) | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS - Academic | تەواوکردنی ئاست (Level) لەسەنتەری زمان به شێوازی نوێ | تەواوکردنی ئاست (Level) لە سەنتەری زمان بە شێوازی کۆن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠ خاڵ | ٥٨ - ٥٢ | ٤٦٦ - ٤١٤ | ٦٥ - ٥٩ | ٥ | Intermediate | Pre- intermediate |
| ٥ خاڵ | ٦٦ - ٥٩ | ٤٩٦ - ٤٦٧ | ٧٢ - ٦٦ | ٥,٥ | - | - |
| ١٠ خاڵ | ٦٩ - ٦٧ | ٥٤٩ - ٤٩٧ | ٧٩ - ٧٣ | ٦ | Advanced | Intermediate |
| ١٥ خاڵ | ٧٠ و زیاتر | ٥٥٠ و زیاتر | ٨٠ و زیاتر | ٦,٥ و زیاتر | - | - |

٤- دەکرێت لە لایەن هەردوو زانکۆی ناوخۆ و دەرەکی پێوەری دیکەی پێشبرکێی خاڵبەندی زیاد بکرێت، بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ خاڵەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٤): مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە زانکۆکانی ناوخۆ:**

١- هەر بەشێکی زانستی، مەرجە بە لایەنی کەم (٥) پێنج هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا)ی هەبێت و پسپۆری گشتیان لە هەمان پسپۆری بەشەکە بێت، و مەرجە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتی ئەکادیمی هاوبەشی لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات هەبێت سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی فەرمی، بە مەرجێک نیوەی ژمارەی ستافی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە میلاکی هەمیشەیی یان تەنسیکراوی ئەو بەشە بن کە خوێندنەکە دەکاتەوە و نیوەی دووەمی ستافەکە لە زانکۆکەی دەرەوەی وڵات بن و بە شێوەی کردەیی بەشداربن لە

پرۆسەی وانەوتنەوە. لەم لایەنەوە پێویستە ئەو ستافە زانستییەی کە میلاکی بەشێکی دیاریکراون لە بەشێکی دیکە دووبارە نەبنەوە.

٢- پێویستە بەشەکە لە زانکۆی ناوخۆ هەبێت و لە زانکۆ دەرەکیەکە لە پسپۆری گشتی یان پسپۆری وورد یەک بگرنەوە یاخود پسپۆری بەشەکانیانی زانکۆی ناوخۆ و دەرەکی تەواوکەری یەکتر بن.

٣- پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (٢) دوو خولی دەرچوونی بەکالۆریۆسی هەبێت.

٤- سەبارەت بە پسپۆری کۆلیژ ە پزیشکییەکان، مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣) سەرەوە لەسەر ئاستی کۆلێژ ئەژمار دەکرێت.

٥- سەبارەت بە بەشە هاوشێوەکانی زانکۆی ناوخۆ، دەکرێت لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە، ستافی بەشەکان تێکەڵ بکرێن بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ستاف بۆ کردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە هەردوو بەش و ستافی بەشەکان بەشێوەیەکی هاریکار بەشدار بن لە پرۆسەی خوێندندا.

٦- زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن پلانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی تێدا کراوەتەوە و ئێستاش مەرجی (١ و ٢ و ٣)ی سەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە، واتە بەپێی هەبوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی و هەبوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکەی خوێندن.

٧- سەبارەت بەو بەشانەی کە بۆ یەکەم جارە دەیانەوێت خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بکەنەوە و مەرجەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥)ی سەرەوەیان تێدایە، دەتوانن پڕۆپۆزەڵی کردنەوەی خوێندن پێشکەش بە وەزارەت /فەرمانگە بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی و پەسەندکردنی.

٨- کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە هەر بەشێکی زانستی و پسپۆڕییەک لە زانکۆ ناوخۆ لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕی کاری کوردستان و پێویستی داموودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و پێویستی کەرتی تایبەت بەو پسپۆڕییە دەبێت. لێرەدا بەش و کۆلیژ و زانکۆکان بەرپرسن لە جێبەجێکردن و دیراسەتکردنی ئەم بابەتە.

**ماددەی (٥): پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی:**

١- زمانی سەرەکی خوێندن لە زانکۆی دەرەکی بە زمانی ئینگلیزی دەبێت، و لە زانکۆی ناوخۆ بە زمانی کوردی یان بە زمانی عەرەبی یان بە زمانی ئینگلیزی یاخود بە هەر سێ زمانەکە دەبێت.

٢-ووردەکاری شێوازی پڕۆگرامی خوێندنی سیمستەرەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە رێنماییەکی پاشکۆ دەردەچێت.

٣-بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە شێوەی بڕوانامەی هاوبەش (**Joint Degree**) بە ناو و لۆگۆ و واژووی هەردوو زانکۆی ناوخۆ و زانکۆی دەرەکی بە قوتابی و خوێندکاری سەرکەوتوو دەبەخشرێت.

٤-بڕوانامەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی، بڕوانامەیەکی پیشەییە و بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی تواناکان و پێشخستنی ئاستی پیشەیی خوازیار لە پسپۆرییەکە بەکار دێت و، بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی نمرە (تحسین معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر بەکار نایەت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوازیار لە کاتی پڕۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ واژوو بکات کە ئاگادارە ئەم خوێندن و بڕوانامەیە پیشەییە و ئەکادیمی نییە.

٥-لە کاتی پێدانی بەخشینی بروانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە لایەن زانکۆکان، پێویستە بە ڕوونی لەسەر بڕوانامەکە ئاماژە بدرێت کە ئەم بڕوانامەیە پیشەییە و بۆ مەبەستی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی تێکرای نمرەی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەکار نایەت.

٦-ماف و ئیمتیازاتی دارایی و کارگێری بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەستنیشان دەکرێت پاڵپشت بە رێنماییە داراییەکان.

٧-قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی هەر یەک لە بابەتەکانی سیمستەری یەکەم و دووەم، مەرجە نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت و لە کۆتایی هەردوو سیمستەرەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت لەسەر بنەمای کریدیتەکانی بابەتەکانی سیمستەرەکان، بە پێچەوانەوە راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە لایەن زانکۆوە دەردەکرێت.

٨-دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی سیمستەری یەکەم و سیمستەری دووەمی خولی یەکەم، تاقیکردنەوەکانی سیمستەری یەکەم و سیمستەری دووەمی خولی دووەم بەرێوەدەچێت، ئەگەر قوتابی/خوێندکار لە یەکێک لە بابەتەکانی خولی دووەم دەرنەچوو، ئەوا راستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە لایەن زانکۆوە دەردەچێت.

٩-تاقیکردنەوەی خولی دووەم تەنها لەسەر نمرەی (٥٠٪)ی تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس ئەنجام دەدرێت و مەرجە تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆکەیەوە بۆ دەردەکرێت.

١٠- دەکرێت لیژنەی زانستی بەشی پەیوەندیدار دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی بەش لە زانکۆی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی دەرەکی، هەر پێداویستیەکی دیکەی ئەکادیمی لە ماوەی خوێندنەکە زیاد بکات بۆ قوتابی و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بڕوانامە کە لە ناوەڕۆکی ئەم رێنمایە نەهاتووە، بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە و بە ئاگاداری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

١١- ماوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بریتیە لە (١) یەک ساڵی ئەکادیمی و (٦٠) (ECTS) دەبێت.

١٢-دەکرێت لە ماوەی خوێندنەکەدا، قوتابی/خوێندکار بۆ سیمستەری یەکەم یان سیمستەری دووەمی خوێندن بە شێوەی میوانداری یان بە شێوەی (Mobility) بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕێکەوتنامەیەکی فەرمی لە نێوان زانکۆی ناوخۆ و زانکۆی دەرەکی، بە مەبەستی وەرگرتنی یەکێک لە سیمستەرەکانی خوێندن لە زانکۆی دەرەکی هاوبەش لە خوێندنەکە. لەم حاڵەتەدا تێکرای خەرجی چوونە دەرەوە، لەسەر ئەستۆی خودی قوتابی/خوێندکارەکە دەبێت.

١٣-پێویستە زانکۆی دەرەکی بەشدار بێت لە پرۆسەی خوێندن و بۆ ئەم مەبەستەش مەرجە یان قوتابی/خوێندکار سیمستەرێکی خوێندن لەزانکۆی دەرەکی وەربگرێت یاخود ستافی وانەوتنەوەی زانکۆی دەرەکی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی کردەیی بەشدار بێت لەپرۆسەی وانەوتنەوەی ژمارەیەک بابەت لە یەکێک لە سیمستەرەکانی خوێندن لە زانکۆی ناوخۆ بە مەرجێک لە (٢)دوو بابەت کەمترنەبێت.

**ماددەی (٦): حوکمە گشتییەکان:**

١- دەستنیشانکردنی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە لایەن (لیژنەی زانستی بەش) و (ئەنجومەنی بەش)ی پەیوەندیدار لە زانکۆی ناوخۆ دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی دەرەکی لەو بەشانەی کە مافی پێشکەشکردنیان بۆ درێژەدان بە خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی هەیە.

٢- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکراو وەرناگیرێت ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن نابێت و (یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا و بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە سەرۆکایەتی زانکۆ و راگری کۆلیژ و سەرۆکی بەش و بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ و لیژنەی ووردبینی کردن) لە زانکۆی ناوخۆ بەرپرسیارن لە ووردبینیکردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی هەڵسەنگاندنی توانستی زانستیان لە ڕێگەی چاوپێکەوتن هەیە، هەروەها وەزارەت/فەرمانگە مافی هەیە چاودێری و بەدواداچوون و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن بکات.

٣-لە کاتی پرۆسەی پیشکەشکردن، ئەگەر خوازیار فەرمانبەری هەمیشەیی لە یەکێک لە دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بێت، ئەوا بەپێی ئەو مەرجانەی لە پەیڕەوی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)ی وەزارەت تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان هاتووە، پێویستە نووسراوی لاری نەبوون پێشکەشی بەو زانکۆیە بکات کە دەیەوێت داواکاری پێشکەش بکات.

٤- بـۆ فەرمـانبەرانی هەمیشـەیی لە دامودەزگاکـانی حکـومی لە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق کە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بەپێی یاسا و پەیـڕەوی ژمـارە (١١)ی سـاڵی (٢٠٢١)ی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران و ڕێنمـایی ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠٢١)ی وەزارەت تـایبەت بە پێـدانی مـۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، مۆڵەتی خوێندنی ناوخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بۆ خوێـندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (التفرغ التام) دەبێت.

٥- هەر فەرمـانبەرێکی وەرگیـراو لە خوێنـدنی دیپلـۆمی بـاڵای یەک سـاڵەی پیشـەیی، ئەگەر پـێش دەستپێکردن بە پرۆسـەی خوێنـدن لە پێشبرکێی مـۆڵەتی خوێنـدن نەیتـوانی سـەرکەوتوو بێـت و مۆڵەتی خوێندنی بەدەست نەهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمـانی زانکـۆیی وەرگیرانـی لە خوێنـدنەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٦- ئەو پێشکەشکارەی کە بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی دانەمەزراوە، پێویستە بەڵێننـامەی یاسـایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ واژوو بکات کە لە هیچ دامووەزگایەکی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دابێت ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناوی لە خوێنـدن بۆ دەردەکرێت و هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ.

٧- خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە دەوامی بەیانیان دەبێت.

٨- بـە هـیچ شـێوەیەك ناکرێـت قوتـابی/خوێنـدکار خوێندنەکـەی بگوازێتـەوە بـۆ زانکۆیـەکی دیکـە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

٩- ئەگەر لە بەشێك بە تەنها یەك قوتابی/خوێندکار وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێنـدنی ئەکـادیمی بکـات بە مەرجێـک لـە لایـەن لیژنەیـەکی پسـپۆڕەوە پرسـیاری تاقیکردنـەوە و هـەڵەچنینی پـەڕاوی تاقیکردنەوەی بۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام زانکۆکان سەرپشکن لە کردنەوەی یان نەکردنەوەی خوێنـدن بۆ تەنها یەک قوتابی/خوێندکار.

١٠- یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە هیچ شـێوەیەک بـوونی نیـیە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بەپێی ژمارەی کورسیەکان بوونی هەیە.

١١- پاڵپشـت بـە پەیـڕەوی ژمـارە (١١)ی سـاڵی (٢٠٢١)ی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران تـایبەت بە پێـدانی مـۆڵەتی خوێنـدن لە هەرێمـی کوردسـتان و ڕێنمـایی ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠٢١)ی مـۆڵەتی خوێنــدن لە هەرێمــی کوردســتان، وەزیــر و ئەوانەی کە لەم پــلەیەدان و ئەنــدامانی پەرلەمــان و ئەنجـومەنی پارێزگاکـان و سـەرۆکی یەکە کارگێرییەکـان و سـەرجەم فەرمـانبەرانی خـاوەن پـلەی (باڵا/أ) و پلەی (باڵا/ب)، تاوەکو لەو پـلەیە دابـن نـاتوانن داوای مـۆڵەتی خوێنـدن بـکەن، لەسـەر ئەم بنەمایە ناوبراوان ناتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

١٢- قوتابی/خوێندکار لە کاتی هەبوونی بارودۆخی لەناکاو و لە توانابەدەر (الظرف الطارئ والقوة القاهرة) بەپێی دۆکیومێنتی فەرمی سەلمێندراو، دەتوانێت داوای دواخستنی خوێندن تەنها بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ بکات بەر لە دەستپێکردنی بە پرۆسەی خوێندنی ئەکادیمی و، پێویستە داواکارییەکەی لە لایەن (ئەنجومەنی بەش و کۆلێژ ) پەسەند بکرێت، لێرەدا قوتابی/خوێندکار ناتوانێت لە ماوەی پرۆسەی خوێندنی ئەکادیمی داوای (دواخستنی خوێندن یان هەڵپەساردنی خوێندن) بکات. بە پێچەوانەوە فەرمانی وەرگرتنی لە خوێندن هەڵدەوەشیتەوە.

١٣- لە کاتی پێشکەشکردنی هەر دۆکیومێنتێکی نادروست لە لایەن خوازیار بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و وەرگیران لە دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، راستەوخۆ فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)ی لە لایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە بۆ دەردەکرێت و رێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیردرێتەبەر، هەروەها مافی پێشکەشکردنی نابێت تاکو تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر رێکەوتی دەرچوونی فەرمانی سڕینەوەی ناو و دوای ئەو ماوەیەش پێویستە لەسەرەتاوە بەپێی ناوەڕۆکی ئەم رێنماییە پێشکەشی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بکاتەوە، نەوەک لەو قوناغەوە دەست بە خوێندن بکات کە سڕینەوەی ناوی بۆ کراوە.

١٤- خوازیار مەرجە دەرچووی زانکۆیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی دانپێدانراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان بێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر خوازیار بڕوانامەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێنابێت، پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەی لە وەزارەت بۆ ئەنجام درابێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە.

١٥- هەر بەشێکی زانستی لە زانکۆی ناوخۆ کە خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی دەکاتەوە، پێویستە لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن ئاماژە بدات کە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کام بەشی زانستی بۆیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکەن.

١٦- هەر کاتێک رێکەوتنامەی هاوبەشی نێوان هەردوو زانکۆی ناوخۆ و دەرەکی هەڵوەشایەوە، لیژنەیەکی گەران بەدوای راستیەکان (تقصي الحقائق) لەسەر ئاستی وەزارەت پێکدەهێندرێت و بەم شێوەی خوارەوە مامەڵە لەگەڵ چارەنووسی قوتابی/خوێندکارەکان دەکرێت:

أ. ئەگەر کەمتەرخی لە لایەن زانکۆی ناوخۆییەوە بوو، ئەوا قوتابی/خوێندکارەکان لە زانکۆی ناوخۆ درێژە بە خوێندن دەدەن و بڕوانامەی دەرچوون لە لایەن زانکۆی ناوخۆ بە وەرگیراوان دەبەخشرێن و بەشەکە بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ ناتوانێت خوێندنی باڵا بە گشت ئاستەکانیەوە بکاتەوە.

ب. ئەگەر بە هۆکارێکی لەتوانابەدەر لە لایەن زانکۆی دەرەکی رێکەوتنامەکە هەڵوەشایەوە، ئەوا زانکۆی ناوخۆ پێویستە هەوڵ بدات لەگەڵ زانکۆیەکی دیکەی دەرەکی رێکەوتنامەی هاوبەش واژوو بکات، بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکارەکان لە زانکۆی ناوخۆ درێژە بە خوێندن دەدەن و بڕوانامەی دەرچوون لە لایەن زانکۆی ناوخۆ بە وەرگیراوان دەبەخشرێن.

**ماددەی (٧): پلان و ژمارەی کورسیەکان:**

١- وەزارەت لە ڕێگەی فەرمانگەوە داوای پلان خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێم دەکات. زانکۆ هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلان و دیاری کردنی ژمارەی کورسیەکان بەپێی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە و بە ڕەچاوکردنی مەرجی ستافی وانەوتنەوە و هەروەها هەبوونی ستافی میلاکی ئەکادیمی و ژێرخانی ئەندازەیی و پیشەیی و کارگێری و دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستیە زانستیەکان و پێداویستی راستەقینەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و پاشان لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پلانی خوێندن و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتر لە لایەن وەزارەت/فەرمانگە پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت.

٢- سەرجەم کورسیەکانی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی بە شێوازی پاراڵێل دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. دەکرێت ژمارەیەک لە کورسیەکانی پاراڵێل بۆ دەرچووانی زانکۆ ناوخۆییەکە تەرخان بکرێت کە ئەم جۆرە خوێندنە دەکاتەوە بە مەرجێک لە ڕێژەی (٢٥%)ی پلان زیاتر نەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

ب. ژمارەیەك لە کورسیەکانی دیکەی پاراڵێل بۆ گشت پێشکەشکاران تەرخان دەکرێت و ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون یان دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، مافیان هەیە پێشکەشی بکەن و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

٣- هەر کاتێک ئەگەر کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی خوێندنی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ئەو کورسیانە پڕ ناکرێنەوە.

٤- هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات سەرباری پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە، بە پێچەوانەوە خۆیان بەرپرسیار دەبن لە ڕووی یاسایی و کارگێرییەوە.

٥- کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و تایبەت تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی پاراڵێل بەپێی ناوەڕۆکی (برگەی ٢/خاڵی ب) لەم ماددەیە پێشکەش بکەن، جگە لە دەرچووانی ئەو زانکۆ ناوخۆییەی کە خوێندنەکە دەکاتەوە کە بەپێی (برگەی ٢/خاڵی أ) لەم ماددەیە ژمارەیەک لە کورسیەکانی بۆ تەرخان دەکرێت.

٦- پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی کورسی خوێندنی تەرخانکراو هەڵبژێرێت و نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی خوێندنی تەرخانکراو بکات.

**ماددەی (٨): لایەنی دارایی خوێندن:**

١- تەواوی تێچووی خوێندن وەکو (کرێی ساڵانەی خوێندن، سەردانی زانکۆی دەرەکی ئەگەر هەبوو بە گشت خەرجیەکانیەوە، بەکارهێنانی کەرستەی تاقیگە ) لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت. بۆیە پێویستە خوازیار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ واژوو بکات کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکەی لە ئەستۆ بگرێت.

٢- کرێی خوێندنی زانکۆی ناوخۆ لە لایەن (لیژنەی زانستی و ئەنجومەنی بەش)ی پەیوەندیدار پێشنیار دەکرێت و پاشان لە (ئەنجومەنی زانکۆ) پەسەند دەکرێت و دواتر لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی کارگێری و دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە پەسەند دەکرێت.

٣- کرێی خوێندنی زانکۆی دەرەکی ئەگەر هەبوو لە لایەن زانکۆی دەرەکی دەست نیشان دەکرێت و خەرجییەکەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی قوتابی/خوێندکار و پابەند دەبێت پێی، بە پێچەوانەوە بڕوانامەی دەرچوونی پێ نابەخشرێت.

**ماددەی (٩):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشووتر لەبارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت و ئەو قوتابی/خویندکارانەی کە پێشووتر وەرگیراون و لە ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن، ئەوا بەپێی ڕێنماییەکانی پێشوو بەردەوام دەبن لە خوێندن.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە لە دوای دەرچوونی لە (ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی ڕێکخستنی مەرج و ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و شێوازی پێشبڕکێ بە مەبەستی بەدیهێنانی هەلی یەکسان و دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتن و، ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندێتی و چۆنیەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و دروستکردنی هەلی درێژەدان بە خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوەزگا ئەکادیمییەکانی دەرەوەی وڵات بە مەبەستی پێدانی بڕوانامەی هاوبەش (**Joint Degree**) و، گرینگی دان بە خوێندنی پیشەیی بە سوودوەرگرتن لە ڕەهەندی نێودەوڵەتی، و پێگەیاندنی کادیری پیشەیی بۆ دامەزراوەزگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت و پێویستی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرکرد.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٩٢٥ لە ٢٠٢٤/٨/٧**

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆک وەزیران بە مەبەستی ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاوڵاتی و پیشەوەرانی هەرێمـی کوردسـتان و ئامـاژە بە نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٣٣٩٣) لە ٢٠٢٤/٧/٢٣ و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١١٠) لە ٢٠٢٤/٨/١ بڕیاردرا بە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**تایبەت بە ڕاگرتنی باج**

**یەکەم:**

ڕاگرتنی ڕێنماییمان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ کە پاڵپشتە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٦) لە (٢٠٢١/١/١٠) کە تایبەتە بە باجی سەر (چێشخانە و هۆتێلەکان )

**دووەم:**

ڕاگرتنـی ڕێنماییمـان ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ٢٠٢١ کە پاڵپشـتە بە نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (٣١٩٦) لە ٢٠٢١/٥/٣١ و (٤٢٤٢) لە ٢٠٢١/٤/٢١ کە تایبەتە بە باجی سەر (نەخۆشخانە تایبەتەکان )

**سێیەم:**

ڕاگرتنی وەرگرتنی باجی سەر (سەمونخانە و نانەواخانەکان ) پشت بەست بە مـاددەی (حەوتەم /٢٧ ) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو

**چوارەم:**

ڕاگرتنی وەرگرتنی باجی (ضريبة العرصات) کە لە یاسای ضـريبة العرصـات ژمـارە (٢٦)ی سـاڵی ١٩٦٢ی هەموارکراو دا هاتووە . تاکو یەکلایکردنەوەی ڕێکخستنەوەی ڕێکارەکانی وەرگرتنـی بـاج لەگەڵ دام و دەزگا ئیتیحادییەکان و هەموارکردنەوەی یاساکە .

**پێنجەم:**

ئەم ڕێنمـاییە لە ڕێکەوتـی دەرچـوونی نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بڵاو دەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٨٣٢٧ لە ٢٠٢٤/٨/١٩**

پاڵپشت بە هەردوو نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١٤٧٥٦) لە ٢٠٢٣/١١/١٣ و (١٥٣٤٢) لە ٢٠٢٣/١١/٢٦ کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە(١٠٦) لە ٢٠٢٤/٧/٢ بڕیاردرا بە ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی رسوماتی کرێی (خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و شوێنەکانی ئامادەکردنی گژوگیای سروشتی) لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**رسوماتی کرێی (خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و شوێنەکانی ئامادەکردنی گژوگیای سروشتی)**

**یەکەم:**

١.رسوماتی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم خشتانەی لە لیستی هاوپێچ هاتووە .

٢.تۆمارکردن و دابەش کردنی پارەی وەرگیراو لە رسوماتی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی بەم شێوەیەی خوارەوە :-

| ژ | روونکردنەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١ | داهات بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستییەکان | %٣٠ |
| ٢ | ڕێژەی داهات بۆ گەنجینەی حکومەت | %٧٠ |

**دووەم:**

١.رسوماتی دەرکردن و نوێکرنەوەی گژوگیا و ئامادەکردنی رووەکی سروشتی بەپێی ئەم خشتەی لە لیستی هاوپێچدا هاتووە .

٢.تۆمارکردن و دابەش کردنی پارەی وەرگیراو لە رسوماتی دەرکردن و نوێکردنەوەی گژوگیا و ئامادەکردنی رووەکی سروشتی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت :-

| ژ | روونکردنەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی داهات بۆ پەرەپێدانی بەشی ئامادەکراوی ڕووەکی و بەرهەمە سروشتییەکان | %١٥ |
| ٢ | ڕێژەی داهات بۆ هاندانی ئەو فەرمانبەرانە کە لەم بوارە کاردەکەن پەیوەندی ڕووەکی ڕاستەوخۆیان بەم کارە هەیە | %١٥ |
| ٣ | ڕێژەی داهات بۆ گەنجینەی حکومەت | %٧٠ |

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

## یەکەم : نرخی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

| ژ | جۆری شوێن و کارگەکان | پشکنینی شوین | پێدانی مۆڵەتی تەندروستی | نوی کردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چێشتخانەو هوتێلی گەشتیاری و شوێنی ئامادەکردنی ساردەمەنی | ٥٠ ٠٠٠ | ٢٠٠ ٠٠٠ | ١٢٥ ٠٠٠ |
| ٢ | چێشتخانەو هوتێلی میللی | ٢٥ ٠٠٠ | ٥٠ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٣ | شوێنەکانی سەمونخانەو نانەواخانەو هەویرکاری | ٥ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ | ١٥ ٠٠٠ |
| ٤ | شوینەکانی خواردنەوە گازیەکان بە کۆو بەتاك | ١٥ ٠٠٠ | ٣٥ ٠٠٠ | ٥ ٠٠٠ |
| ٥ | شوینەکانی فرۆشتنی پێداویستیەخۆراکیەکان بەتاك | ١٠ ٠٠٠ | ٤٠ ٠٠٠ | ١٠ ٠٠٠ |
| ٦ | شوینەکانی شیرەمەنی و گۆشت و هێلکە بە کۆ | ٥٠ ٠٠٠ | ٧٥ ٠٠٠ | ٥٠ ٠٠٠ |
| ٧ | قاوەخانەگشتیەکان و کافتریاکان (کۆفی شوپ) | ٥٠ ٠٠٠ | ١٠٠ ٠٠٠ | ٥٠ ٠٠٠ |
| ٨ | شوینەکانی RO | ١٠ ٠٠٠ | ١٢٥ ٠٠٠ | ١٠ ٠٠٠ |
| ٩ | خانەی لەش رێکی | ٥٠ ٠٠٠ | ١٢٥ ٠٠٠ | ٧٥ ٠٠٠ |
| ١٠ | لەش جوانی | ٥٠ ٠٠٠ | ١٠٠ ٠٠٠ | ٥٠ ٠٠٠ |
| ١١ | سەنتەرەکانی مساج | ٥٠٠ ٠٠٠ | ٧٥٠ ٠٠٠ | ٥٠٠ ٠٠٠ |
| ١٢ | مەلەوانگەو شارە ئاوییەکان | ٥٠ ٠٠٠ | ١٥٠ ٠٠٠ | ٥٠ ٠٠٠ |
| ١٣ | ئامرازەکانی گواستنەوەی جێگیرو گەرۆك | ١٥ ٠٠٠ | ٢٠٠ ٠٠٠ | ١٥ ٠٠٠ |
| ١٤ | کۆگا ستراتیجیەکان | ٥٠ ٠٠٠ | ١٠٠ ٠٠٠ | ٥٠ ٠٠٠ |
| ١٥ | سەربڕخانەکانی مریشك وگۆشت | ٥٠ ٠٠٠ | ٧٥ ٠٠٠ | ١٠٠ ٠٠٠ |
| ١٦ | کارگە پیشەیەکان | ١٥ ٠٠٠ | ٢٠٠ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ |
| ١٧ | کارگە خۆراکیەکان وکارگەکانی پێداویستەکانی جونکاری ئەوانەی تۆمارن لە پەرەپێدانی پیشەسازی | ٥٠ ٠٠٠ | ٢٠٠ ٠٠٠ | ١٥٠ ٠٠٠ |
| ١٨ | کارگە پیشەیە خۆراکیەکان ئەوانەی تۆمار نین لە پەرە پێدانی پیشەسازی | ٥٠ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ | ١٠٠ ٠٠٠ |
| ١٩ | جۆرەکانی تری شوێن | ١٥ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٢٠ | جۆرەکانی تری کارگە | ١٥ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ | ٢٥ ٠٠٠ |

**خشتەی کرێی کردنەوەی دوای داخستن وە وەرگرتنی نموونە و کارتی تەندروستی و بڕوانامەی فیرکردنی تەندروستی**

| | جۆری خزمەتگوزاری | کرێ |
|---|---|---|
| ٢١ | کرێی کردنەوەی دوای داخستن بۆ (چێشتخانەو هوتێلە گەشتیارەکان و شوێنەکانی حەسانەوەو شوێنەکانی ئامادەکردنی ساردەمەنی | ١٠٠ ٠٠٠ |
| ٢٢ | کرێی کردنەوەی دوای داخستنی بۆ (مەساج و کافتریاو خانەکانی لەش جوانی و مەلەوانگەو شارە ئاویەکان ) | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٢٣ | کرێی کردنەوەی دوای داخستنی بۆ (چێشتخانەو هوتێلە میللەکان ) | ١٠٠ ٠٠٠ |
| ٢٤ | کرێی کردنەوەی دوای داخستنی بۆ (شوێنەگشتیەکانی تر ) | ٥٠ ٠٠٠ |
| ٢٥ | کرێی کردنەوەی دوای داخستنی بۆ(کارگەخۆراکیەکان وکارگەکانی پێداویستی جوانکاری کە تۆمارن لە پەرەپێدانی پیشەسازی | ١٠٠ ٠٠٠ |
| ٢٦ | کرێی کردنەوەی دوای داخستنی بۆ (کارگە پیشەیەکانی خۆراك ئەوانەی تۆمارنین لە پەرەپێدانی پیشەیی) | ٥٠ ٠٠٠ |
| ٢٧ | کرێی کردنەوەی دوای داخستنی بۆ (سەربڕخانەکان ) | ٧٥ ٠٠٠ |
| ٢٨ | کرێی وەرگرتنی نموونەی خۆراك | ٧٥ ٠٠٠ |
| ٢٩ | کرێی وەرگرتنی نموونەکانی تر جگە لە خۆراك و خواردنەوە ئەوەی تایبەتمەندن بە چاودێری تەندروستی | ١٥ ٠٠٠ |
| ٣٠ | کرێی پێدانی کارتی تەندروستی بە کرێکارانی (عیراقی ) | ٢ ٠٠٠ |
| ٣١ | کرێی پێدانی کارتی تەندروستی بە کرێکارانی (بیانی ) | ٥ ٠٠٠ |
| ٣٢ | کرێی پێدانی بروانامەی فێرکردنی تەندروستی بۆ کرێکارانی شوێنەگشتیەکان وکارگەکان | بەخۆرایی |
| ٣٣ | کرێی پێدانی بروانامەی فێرکردنی تەندروستی نیودەولەتی ( بڕوانامەی هەناردەکردن ) | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٣٤ | کرێی خزمەتگوزاریەکانی تر | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٣٥ | کریی سزاکانی سەپێندراو بەسەر هەموو ئەو شوێنانەی کە کارەکانی چاودێری تەندروستی دەیان گرێتەوە | ٥٠ ٠٠٠ – ٥٠٠ ٠٠٠ |
| ٣٦ | کرێی سەرپێچی لە دواکەوتنی نوێ کردنەوەی مۆلەتی تەندروستی بۆ شوێنەکانی (گەشتیاری ،کارگەکان ،کۆگاکان ، سەربڕخانەکان ، هۆلەکانی لەش جوانی ) بۆ هەرمانگیك | ٢٠ ٠٠٠ |
| ٣٧ | کرێی سەرپێچی لە دواکەوتنی نوێ کردنەوەی مۆلەتی تەندروستی بۆ شوێنەکانی تر بۆ هەر مانگێك | ١٠ ٠٠٠ |

**تاقیگەی تەندروستی گشتی**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | کرێ |
|---|---|---|
| ١ | بڕوانامەی تەندروستی | ٥ ٠٠٠ |
| ٢ | پشکنینی خۆراکی هاوردەکراو (کیمیاوی ، بەکتریۆلۆجی ) | ٢٥ ٠٠٠ + ٢٥ ٠٠٠ |
| ٣ | دووبارە پشکنینی خۆراکی هاوردەکراو (کیمیاوی ، بەکتریۆلۆجی ) | ٥٠ ٠٠٠ + ٥٠ ٠٠٠ |
| ٤ | پشکنینی خۆراك (پشکنینە تایبەتیەکان ) فیزیاوی ،کیمیاوی ،بەکتریۆلۆجی | ٢٥ ٠٠٠+٢٥ ٠٠٠+٢٥ ٠٠٠ |
| ٥ | پشکنینی بەرهەمەخۆراکیەناوخۆیەکان (کیمیاوی ،بەکتریۆلۆجی ) | ١٥ ٠٠٠ + ١٥ ٠٠٠ |
| ٦ | دووبارە پشکنینی بەرهەمە خۆراکیەناوخۆیەکان (کیمیاوی ،بەکتریۆلۆجی ) | ١٥ ٠٠٠ + ١٥ ٠٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | پشکنینی ئاوی قوتوکراو (کیمیاوی ، بەکتریۆلۆجی ) | ٢٥ ٠٠٠ + ٢٥ ٠٠٠ |
| ٨ | پشکنینی ئاو بۆ فەرمانگە حوکمیەکان و رێکخراوەکان | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٩ | پشکنین و بۆ نمونەکانی ئاو | ٥٠ ٠٠٠ |
| ١٠ | پشکنینی ئاو بۆ وەزارەتی ناوخۆ | ٢٥ ٠٠٠ |

**فرۆشتنی گیانداره تاقیگەیەکان**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | کرێ |
|---|---|---|
| ١ | مشکی تاقیگەیی | ٥٠ ٠٠٠ |
| ٢ | جرجی تاقیگەیی | ٧٥ ٠٠٠ |
| ٣ | بەرازی غینیایی | ١٥ ٠٠٠ |

**سەنتەری نیشتمانی ئایدز**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | کرێ |
|---|---|---|
| ١ | بڕوانامەی تەندروستی نێودەولەتی بۆ عێراقیەکان | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٢ | پشکنینی ئەوانەی داوای نیشنگەو ڕەگەزنامە دەکەن | ٥٠ ٠٠٠ |
| ٣ | بڕوانامەی نێودەولەتی بۆ گواستنەوەی تەرم بۆ دەرەوەی عێراق | ٢٥ ٠٠٠ |
| ٤ | ڕەزامەندی بەخاك سپاردنی کەسانی مردووی وولاتانی عەربی و بیانی لە خاکی عێراق | ١٠٠ ٠٠٠ |
| ٥ | ڕەزامەندی گواستنەوەی تەرم لە گۆرستانێك بۆ گورستانێکی تر لە ناو عێراق | ٢٥ ٠٠٠ |

**پەیمانگەی لێکولینەوەی خۆراکی**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | کرێ |
|---|---|---|
| ١ | پشکنینی نموونەی خۆراکی ( کیمیاوی ) | ١٥ ٠٠٠ بۆ یەک نموونە |
| ٢ | پشکنینی نموونەی خۆراك (بەکتریۆلۆجی) | ١٥ ٠٠٠ بۆ یەک نموونە |
| ٣ | کرێی پشکنینی دیتن | ٢ ٠٠٠ |
| ٤ | پشکنینەتاقیگەیەکان | وەك ئەوەی کەلە نەخۆشخانە و بەرێوەبەرایەتیەکانی خۆپاراستنی تەندروستی پەیرەو دەکرێت |

## دووەم : رسوماتی دەرکردن و نوێکردنەوەی گژوگیا و ئامادەکردنی رووەکی سروشتی

| جۆری خزمەتگوزاری | دەرهێنانی مۆڵەت | نوێ کردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی | گواستنەوەی شوێن |
|---|---|---|---|
| شوێنەکانی فرۆشتنی (ئامادەکردنی ڕووەك و گژوگیای سروشتی) | ٥٠٠ ٠٠٠ | ٤٠٠ ٠٠٠ | ٢٠٠ ٠٠٠ |

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٩٥٥٣ لە ٢٠٢٤/٨/٢١**

پاڵپشت بە ئەحكامەكانی برگەی یەكەم لە ماددەی (٩٤) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی١٩٨١ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی كوردستان -عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەركرد:

**ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**رێنمایی لیژنە پزیشكییەكان**

**ماددەی(١):** بۆ مەبەستی ئەم رێنماییە، ئەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەیان هەیە كە لە بەرامبەر هەر یەكێكیاندا ئاماژەیان پێكراوە:

١- **هەرێم:** هەرێمی كوردستان- عێراق

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێم

٣- **وەزیر:** وەزیری تەندروستی هەرێم

**ماددەی(٢): جۆرەكانی لیژنەی پزیشكی هەمیشەیی:-**

١- **لیژنەكانی پزیشكی هەمیشەیی گشتی:** ئەو لیژنانەن كە لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكانن و بە فەرمانی كارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان پێك دەهێندرێت و بە رێنماییەك كارەكانی دیاری دەكرێت دوای پەسەندكردنی وەزیر.

٢- **لیژنەكانی پزیشكی هەمیشەیی پسپۆڕی:** ئەو لیژنانەن كە لە سەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكانن و بەفەرمانی كارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان پێك دەهێندرێت دوای پەسەندكردنی وەزیر وە بەرێنماییەك كارەكانی دیاری دەكرێت.

**ماددەی(٣): پێكهاتەی لیژنەی پزیشكی هەمیشەیی گشتی**

لیژنەكە پێكدێت لە:

١- پزیشكی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی.

٢- پزیشكی پسپۆڕی نەخۆشیەكانی هەناو.

٣- پزیشكی پسپۆڕی نەشتەرگەری ئێسک و شكان.

٤- پزیشكی پسپۆڕی نەخۆشیەكانی ئافرەتان و منداڵبوون.

٥- پزیشكی پسپۆڕی نەخۆشیەكانی گوێ و لووت و قورگ.

٦- پزیشكی پسپۆڕی نەخۆشیەكانی چاو.

٧- پزیشكی پسپۆڕی مێشك و دەمار.

**ماددەی(٤): کارەکانی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی گشتی:-**

١- پشکنین و هەڵسەنگاندنی ئەو هاوڵاتیانەی کە داوای مۆڵەتی شۆفێری دەکەن لە ڕووی توانای ئەندامەکانی جەستەوە.

٢-پشکنینی هاوڵاتیان بۆ دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت, کە بە نوسراوێکی فەرمی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ئاراستەیان دەکرێت.

٣- ڕاستاندن و پەسندکردنی مۆڵەتی نەخۆشی کە بە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و تایبەت دەدرێت لەلایەن نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکانەوە دەرچووە دوای پەسەندکردنی لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە، بەمەرجێک بە بەڵگەنامەی چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە نەخۆشخانە پاڵپشتی کرابێت وپێویستە لە ماوەی(١٠) دە ڕۆژدا لە ڕێکەوتی دەرچوون لە نەخۆشخانە پێشکەشی لیژنەکە بکرێت .

٤-پشکنینی کرێکار و فەرمانبەر لە کاتی داواکردنی خانەنشینی.

**ماددەی(٥): پێکهاتەکانی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی پسپۆڕی:-**

**١**-لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی پسپۆڕی مێشك و دەمار لە ( ٢ ) پسپۆری نەشتەرگەری مێشك و دەمار و (١) پسپۆری مێشك و دەمار پێکدێت.

٢- لیژنەی هەمیشەیی هەناوی لە(٢) پسپۆری نەخۆشیەکانی هەناو (١) پسپۆری نەخۆشیەکانی خوێن پێکدێت

٣-لیژنەی هەمیشەیی ئافرەتان (ژنان و منداڵبوون) لە (٣) پسپۆری نەخۆشیەکانی ئافرەتان پێکدێت.

٤-لیژنەی هەمیشەیی شکاوی لە(٢)پسپۆری شکاوی (١)پسپۆری نەخۆشیەکانی جومگە ورۆماتیزم پێکدێت

٥-لیژنەی هەمیشەیی دەروونی لە (٣) پسپۆری نەخۆشیەکانی دەروونی پێکدێت.

٦-لیژنەی هەمیشەیی چاو لە (٣) پسپۆڕی نەخۆشیەکانی چاو پێکدێت .

٧-لیژنەی هەمیشەیی لوت و قورِگ و گوێ لە (٢) پسپۆری لوت و قورِگ و گویَ(١) پسپۆری بێستنەزانی (ئۆدیۆلۆجی) بیستن پێکدێت.

٨-لیژنەی هەمیشەیی نەشتەرگەری لە (٢) پسپۆری نەشتەرگەری(١)پسپۆری نەشتەرگەری میزەڕۆ پێکدێت.

٩-لیژنەی هەمیشەیی منداڵان لە (٣) پسپۆری نەخۆشیەکانی منداڵان پێکدێت.

١٠-لیژنەی هەمیشەیی تەمەن لە (١) پسپۆری ئێسك وشکاوی (١) پسپۆری شەویلگە و ڕوو(١)پسپۆری تیشك و سۆنار پێکدێت.

**ماددەی(٦): کارەکانی لیژنەی پزیشکی پسپۆڕی:-**

١- خەمڵاندنی پلەی پەککەوتن و لە کارکەوتن بۆ ئەو حاڵەتە نەخۆشیانەی کە لە فەرمانگەکانی هەرێمەوە ڕەوانە دەکرێت.

٢- دیاریکردنی پێکانی نەخۆشیەکە بۆ ئەوەی بزاندرێت کە ئایا لە کاتی ئەرکدا بووە یان بەهۆیەوە بووە ، یان لە ئەنجامی کارەکەیدا بووە بە مەرجێک هەموو بەڵگەکانی لێکۆڵینەوە بۆ لیژنەکە دابین بکرێت.

٣-پشکنینی قوتابیانی پاڵێوراو بۆ خوێندن یان ڕاهێنان لە دەرەوەی هەرێم و خوێندکارانی وەرگیراو بۆ خوێندنی باڵا لە ناوخۆی هەرێم، یان کاندیدان بۆ وەرگرتنیان لە کۆلیژ و پەیمانگا و قوتابخانەکان.
٤-دەرکردنی ڕاسپاردە بە گۆڕینی جۆر و سروشتی کاری ئەو فەرمانبەرانەی کە کەم توانایی تەندروستیان هەیە لە وەزارەتەکانی هەرێمەوە بۆیان ڕەوانە دەکرێن.
٥-دەرکردنی ڕاسپاردە بە گواستنەوەی قوتابیان لە نێوان زانکۆکانی کوردستان بە هۆی نەخۆشیەوە.
٦-دەرکردنی ڕاسپاردە بە گۆڕینی بەش بۆ قوتابیان لە کۆلیژ و پەیمانگاکان بەهۆی نەخۆشیەوە، بە مەرجێک کە ئەمە تەنها تایبەت بە قوتابی ساڵی خوێندنی یەکەم بێت.
٧-دەرکردنی ڕاسپاردە کە فێرخوازان بەشداری چالاکی وەرزشی شەکەت و پڕوکێن نەکات یان دواخستنی لە بەشداریکردن لە خولەکانی ئامادەسازی یان لێبوردنی لە کاری قورس و بەپێی باری تەندروستی فێرخوازەکە.
٨- پەسەندکردنی پێدانی مۆڵەت بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی گوازراوەیان(لە کەرتی گشتی و تایبەت) هەیە لە کارکردن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو،بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگەی خۆپاراستنی تەندروستی لەوەزارەتی تەندروستی.
٩-ڕادەربڕین بۆ گواستنەوەی مامۆستایان بۆ قوتابخانەیەکی نزیک لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بەهۆی نەخۆشیەوە.
١٠-ڕەچاوکردنی داواکاری دواخستنی ساڵی خوێندن و ئەژمارکردنی بە ساڵێکی نەکەوتن بەهۆی نەخۆشیەوە.
١١-پشکنینی نابیست و ناگوت یان نابیستی ناگوت و دەرکردنی ڕاسپاردە بە پێدانی مۆڵەتی شۆفێری تایبەت،ئەمەش بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دەردەچێت.
١٢- هەڵسەنگاندنی داواکاری مۆڵەتی هەڵگرتن و خاوەنداریەتی چەک بۆ ئەو کەسانەی کە لە لایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە ڕەوانە دەکرێن بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە تەندروستیەکی جەستەیی و دەروونی و دەماری باشیان هەیە کە توانای هەڵگرتن و خاوەنداریەتی چەکیان هەیە بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە بۆ ئەم مەبەستە پەسەندکراون.
١٣-پشکنین و دەستنیشانکردنی قوتابیانی پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت پشکنینی ئەو منداڵانەی کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە ڕەوانەکراون و تووشی نەخۆشی و کەمئەندامی بوونە لەوانە خاو فێربوون و کەم بیستن یان زمان گیران، تێکچوونی ڕەفتار، کەم بینین، دواکەوتوویی ، نەخۆشی (داون )یان نابیستی و ناگوتی ، کەمئەندامی جەستەیی یان نەخۆشیەکانی بڕبڕەی پشت و ڕەوانەکردنیان بۆ پۆلەکانی پەروەردەی تایبەت لە قوتابخانە سەرەتاییەکان.
١٤-ڕەوانەکردنی کەسی تووشبووی کەم بینایی توند بۆ قوتابخانەکانی تایبەت بە کەم بینایی.

١٥-ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی دەروونی لەسەر پاڵێوراو بۆ دامەزراندن، و لیژنە دەتوانێت داوای زانیاری لەسەر ڕەوانەکراو لە هەر لایەنێکی پەیوەندیدار بکات وئاماژە بە ئاستی شیاوی یان نەشیاوی بکات بۆ ئەنجامدانی ئەرک و ئەو کارانەی پێی دەسپێردرێت .

١٦-دەرکردنی ڕاسپاردە بۆ دانانی چاودێری هەمیشەیی بۆ تووشبوانی نەخۆشیە دەروونی و دەمارییەکان کە ئەگەری چاکبوونەوەیان نی یە ، هەروەها دانانی چاودێری کاتی بۆ تووشبووی نەخۆشیە دەروونی ودەمارییەکان کە ئەگەری چاکبوونەوەی هەیە ،بە مەرجێک نەخۆشەکە پشکنینی بۆ بکرێتەوە دوای ماوەیەک کەلەلایەن لیژنەکەوە دیاری کراوە.

١٧- دەرکردنی ڕاسپاردە بۆ دانانی بەخێوکەر بۆ منداڵ بە مەرجێک لیژنەکە بەرژەوەندی بەخێوکراوە کە لەبەر چاو بگیرێت تێیدا و ئامادەکردنی هەموو پێویستیەک بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ زیانێکی دەروونی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی بە بەخێوکراوەکە نەگات ،دوای لێکۆڵینەوەی بەر فراوان لە هەموو بارودۆخەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەبەخێوکەر و بەخێوکراو .

١٨-دەرکردنی ڕاسپاردە بە دانانی کەسی توشبوو بە نەخۆشی دەروونی کاتێک عەقڵی لەدەست دەدات لە نەخۆشخانە بە ئامانجی چارەسەرکردنی و پاراستنی سەلامەتی خۆی و سەلامەتی کەسانی دیکە بۆ ماوەیەک کە لیژنەکە دیاری دەکات،دواتر پشکنینی بۆ دەکرێتەوە ،دوای وەرگرتنی ڕای ئەو پزیشکە پسپۆڕانەی کە سەرپەرشتی چارەسەرکردنی دەکەن یان دووبارە پشکنینی دەکرێت لەسەر داوای ئەو لایەنانەی کەلە سەرەتادا داوای دانانیان کردووە یان لەسەر داوای نەخۆشەکە لەماوە ی دیاری کراودا یان لە دوای ئەو ماوەیەدا.

١٩-لیژنە بۆی هەیە پەلە نەکات لەدەرکردنی بڕیاری کۆتایی ئەگەر نەخۆشەکە پێویستی بە ماوەیەکی دیکە هەبێت بۆ چارەسەرکردن و چاودێری چاکبوونەوەی یان باشتربوونی باری جەستەیی و دەروونی ،ئەمەش بەمەبەستی دەرکردنی ڕاسپاردەیەک بۆ حاڵەتەکەی و بە شێوەیەک کە لەگەڵ کارەکەی یان خوێندنی بگونجێت.

٢٠-لەکاتی ڕەوانە کردنی هاوڵاتی بۆ لیژنە بۆ دیار کردنی ئاستی شیاویی بۆ خزمەتکردن بە مەبەستی دامەزراندن ،دەبێت ئاماژە بکرێت بە سروشت و جۆری ئەو کارانەی پێی دەسپێردرێت .

٢١-لیژنە بەرپرسیارە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەو حاڵەتە نەخۆشیانەی کەپێشکەش دەکرێن و تا چەند کەسی پرس لەسەر کراو دەتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندن .

**ماددەی(٧):**

ناردنی نەخۆش بۆ لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە لە هەرێم بە واژوی وەزیر یان سەرۆکی دەستە یان دام و دەزگا دادیەکان دەبێت.

**ماددەی(٨): لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی هەرێم:-**

لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕی ڕاوێژکارییە لەسەر ئاستی هەرێم به فەرمانی وەزیری تەندروستی پێکدەهێت.

**ماددەی(٩): پێکهاتەی لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی هەرێم:-**

پێکهاتەی لیژنەی تێهەڵچوونەوەی هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

١- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی ڕاوێژکاری نەشتەرگەری مێشك و دەمار پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەشتەرگەری مێشك و دەمار.

٢- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی ڕاوێژکاری مێشك و دەمار پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری مێشك و دەمار.

٣- لیژنەی پزێشکی تێهەڵچوونەوەی هەناوی پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی هەناو.

٤- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی ئافرەتان (ژنان و منداڵبوون) پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی ئافرەتان.

٥- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی ئێسك و شکاوی پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری ئێسك و شکاوی.

٦- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی دەروونی پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی دەروونی.

٧- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نەخۆشیەکانی چاو پێکدێت له (٣) پسپۆڕی ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی چاو .

٨- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی لوت و قوڕگ و گوێ پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری لوت و قوڕگ و گوێ.

٩- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نەشتەرگەری پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەشتەرگەری.

١٠- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نەخۆشیەکان و نەشتەرگەری میزەڕۆ پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکان و نەشتەرگەری میزەڕۆ.

١١- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی تەمەن پێکدێت له (١) پسپۆری ڕاوێژکاری ئێسك وشکاوی (١) پسپۆرری ڕاوێژکاری شەویلگە و (١) پسپۆری ڕاوێژکاری تیشك و سۆنار.

١٢- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نەخۆشیەکانی جومگە و ڕۆماتیزم , پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی جومگە و ڕۆماتیزم.

١٣- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نەخۆشیەکان و نەشتەرگەری شەویلگە و دەم و ددان,پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکان و نەشتەرگەری شەویلگە و دەم و ددان.

١٤- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نەخۆشیەکانی پێست,پێکدێت له (٣) پسپۆری ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی پێست.

١٥- لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی نە خۆشیەکانی خوێن پێکدێت لە پزیشکێکی راوێژکاری نەخۆشیەکانی خوێن.

**ماددەی(١٠): ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوەی هەرێم:-**

١- بینینی ئەو حاڵەتانەی کە لە لایەن لیژنە پزیشکیە هەمیشەییەکانەوە بینراون وە بە نووسراوی فەرمی ڕەوانەی وەزارەتی تەندروستی کراون بە مەبەستی ڕاستاندن یان پەسەندکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە.

٢-بینینی ئەو حاڵەتانەی کە لە لایەن لیژنە پزیشکیە هەمیشەییەکانەوە بینراون و خاوەنەکانیان تانەیان هەیە وو بەنووسراوی فەرمی ڕەوانەی وەزارەتی تەندروستی کراون بە مەبەستی دووبارە پشکنینان.

٣- بینینی ئەو حاڵەتانەی کە لە لایەن لیژنە پزیشکیە هەمیشەییەکانەوە بینراون و فەرمانگەکەیان تانەیان هەیە وە بەنووسراوی فەرمی ڕەوانەی وەزارەتی تەندروستی کراون بە مەبەستی دووبارە پشکنین.

٤- بینینی ئەو حاڵەتانەی کە لە لایەن دادگاوە ڕەوانە دەکرێن بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و دووبارە پشکنین.

٥-بینینی ئەو کەسانەی کە لە لایەن وەزیری تەندروستی یەوە ڕەوانە دەکرێن.

**ماددەی(١١):**

کەسەکە یان لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن تانە لە بڕیارەکانی لیژنە پزیشکیەکان بدەن لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە و بڕیاری لیژنەی تێهەڵچوونەوە بە بڕیاری بنبڕ دادەندرێت بەپێی ماددەی (٩٤) بڕگەی دووەم /ج ٩٤ لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١

**ماددەی(١٢):**

بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنە پزیشکیەکانی هەمیشەیی و تێهەڵچوونەوە نهێنی دەبن و بە پۆستی نهێنی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەنێردرێن یان لە ڕێگەی کەسێکی دەستنیشانکراو لە لایەن ئەوانەوە.

**ماددەی(١٣):**

دەبێت لیژنە پزیشکیەکان ناوی سیانی لە ڕاپۆرت و بڕیارەکانیاندا بنووسن و وێنەکانیان بە نووسراوەکەوە بلکێندرێن و مۆر بکرێت هەروەها ڕەشنووسەکانی ڕاپۆرت و بڕیارەکان لە لایەن هەموو ئەندامانی لیژنەوە واژۆ بکرێن .

**ماددەی(١٤):**

لیژنەی پزیشکی دەتوانێت پرس بە لیژنەیەکی پزیشکی دیکە بکات کە لە (٣) سێ پزیشک پێکهاتووە لە دامەزراوە تەندروستیە گشتیەکان بە هەمان پسپۆڕی سەبارەت بەو حاڵەتە نەخۆشیەی کە بەردەستی خراوە.

**ماددەی(١٥):**

دەبێت لیژنەی پزیشکی ئەو حاڵەتە نەخۆشیە جێگیر بکات کە ئاراستەی دەکرێت بە شێوەیەکی وورد و ڕوون و دیاریکراو و بەڵگەدار بکرێت بە پشکنینی تیشکی و تاقیگەیی و پشکنینەکانی دیکە کە لە دامەزراوە تەندروستیە گشتیە باوەڕپێکراوەکان دەرچووە.

**ماددەی(١٦):**

ڕاپۆرتی پزیشکی دەبێت ڕەسەن بێت و کار بە نووسراوی فۆتۆکۆپیکراو ناکرێت.

**ماددەی(١٧):**

گشت بەراییەکانی لیژنە پزیشکیەکان لەوانەش ڕاپۆرتی پزیشکی و ئەنجامی پشکنینی تاقیگەیی و تیشکی لە فایلی هەر مامەڵەیەکدا هەڵدەگیرێت.

**ماددەی(١٨):**

ئەندامیەتی لە لیژنەی پزیشکی بۆ ماوەی ساڵێک دەبێت و دەکرێت یەک لە سەر سێ ی ئەندامانی لیژنەی نوێ بمێنێتەوە .

**ماددەی(١٩):**

نابێت ئەو پزیشکانەی لە لیژنەیەکی پزیشکیدا کاردەکەن کاریان لە لیژنەیەکی پزیشکی هاوشێوە لە ئەرکدا پێ بسپێردرێت.

**ماددەی(٢٠):**

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی لە پارێزگادا دەسەڵاتی پێدراوە ڕۆژی کۆبوونەوەی لیژنەی پزیشکی و ژمارەی دانیشتنەکانی دیاری بکات.

**ماددەی(٢١): دیاریکردنی دەسەڵاتی دانانی سەرۆکی لیژنە و مەرجەکانی:-**

١-دێرینترین ئەندامانی لیژنە پابەندە بە سەرۆکایەتی لیژنە لەکاتی نەهاتنی سەرۆکی لیژنەکەدا.

٢-لەئەگەری نەهاتنی هەر ئەندامێک بەهەر هۆکارێک بێت دەبێت پزیشکە ئەندامەکە بە ئاگاداری سەرۆکی لیژنە پزیشکێک بە هەمان پسپۆڕی و نازناوی پزیشکیەوە لەشوێنی ئامادە بێت .

٣- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی لە پارێزگادا مافی گۆڕینی سەرۆک یان ئەندامی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی گشتی و پسپۆڕی هەیە بەپێی مەرجەکانی بەرژەوەندی گشتی .

**ماددەی(٢٢):**

لیژنە پزیشکی یە هەمیشەی یەکان لەڕووی کارگێری و تەکنیکی و داراییەوە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەرین و سۆران و زاخۆ و کۆیە و لەڕووی هونەریەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی دەکرێن .

**ماددەی(٢٣):**

لیژنەی تێهەڵچوونەوەی پزیشکی ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزیری تەندروستی هەڵدەبژێردرێت ڕەوانە کردنی نەخۆش بۆ لیژنە پزیشکیەکان بە پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی و پەسەند کردنی وەزیر دەبێت.

**ماددەی(٢٤):**

ڕاپۆرتی پزیشکی و پشکنینی تاقیگەیی هیچ نۆڕینگەیەکی تایبەت لەبەرچاو ناگیرێت،بەڵکو دەبێت هەموو ڕاپۆرت و پشکنینە پێویستەکان لە ڕاوێژکاری نەخۆشخانە گشتیەکانەوە بێت.

**ماددەی(٢٥):**

لە کاتی ڕەوانەکردنی نەخۆشەکانی لیژنە پزیشکیەکان بۆ دامەزراوە تەندروستیە گشتیەکان بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکانی دەستنیشانکردن پێویستە وێنەی ڕەوانەکراوەکە لەسەر نووسراوی ڕەوانەکردنەکە بلکێندرێت،بەمۆری لیژنەی پزیشکی پشتگیری کرابێت.

**ماددەی(٢٦):**

ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانەی کە لە لایەن دامەزراوە تەندروستیە گشتیەکانەوە دەدرێن لە کاتی پێویستدا بۆ بەکارهێنان لەدەرەوەی هەرێم پێویستە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی یەوە پەسەند بکرێن.

**ماددەی(٢٧):**

نابێت هاوولاتی دووبارە بخرێتە بەردەم لیژنەی پزیشکی تا دوای تێپەڕبوونی ماوەی(٦) شەش مانگ لە ڕێکەوتی دەرکردنی بڕیار لە لایەن لیژنەکەوە، مەگەر حاڵەتێکی پزیشکی سەرهەڵبدات کە پێویست بکات پێش تەواوبوونی ماوەی دیاریکراو بخرێتە بەردەمی.

**ماددەی(٢٨):**

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی لە پارێزگادا دەسەڵاتی یەکخستنی لیژنەیەکی پزیشکی لەگەڵ لیژنەیەکی دیکە هەیە بەپێی مەرجەکانی کارکردن.

**ماددەی(٢٩):**

لەکاتی ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ لیژنە پزیشکیەکان بە مەبەستی مۆڵەتی نەخۆشی پێویستە کۆی ئەو مۆڵەتانەی کە پێشتر بۆ نەخۆشیەکەی وەریگرتووە تیایدا بنوسرێت.

**ماددەی(٣٠):**

پێویستە بەڕێوەبەری لیژنە پزیشکییەکان لە سەرجەم بەرێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکان ئەو پزیشکانەی ڕاسپێردراون بۆ کارکردن لە لیژنە پزیشکییەکان ئاگاداربکەنەوە لەو ڕێنمایی و ڕێسایانەی پەیوەستن بە ئەرک و دەسەڵاتەکانیان پێش دەستبەکاربوونیان لەو لیژنانەدا.

**ماددەی(٣١):**

نەخۆش مافی لە لیژنەی تێهەڵچوونەوەی پزیشکی نامێنێت ئەگەر بۆ (٢) دوو جار بەبێ هیچ هۆکارێک لە کاتی دیاریکراو ئامادەی لیژنەکە نەبێت بە بێ هیچ هۆکارێکی گونجاو.

**ماددەی(٣٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) وە کاری پێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٨٨١ لە ٢٠٢٤/٩/١٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (١٥٢)ی یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ ئەو ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ (هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ) ، و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

(درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ ، بۆ (٢) دوو مانگی تر ، دەستپێدەکات لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتن بە ماوەی هاتوو لە هەمواری دووەمی ڕێنمایی ئاماژەپێکراو .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتن بە ماوەی ئاماژەپێکراو لە ماددەی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٦٢٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێناکایەی ( استحداث) کردنی ( پەیمانگای هیوای نابیستان خانەقین ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان /بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خانەقین ،بەمەبەستی زیاتر گرنگی دان بە منداڵانی نابیست و فێرکردنیان بە شێوازی خوێندن و نوسینی تایبەت بە خۆیان لە سنوری خانەقین .

٢-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٥٧٥٨ لە ٢٠٢٤/٨/٢٩**

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی(استحداث)کردنی(بنکەی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی) لە قەزای بەردەڕەش سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەمەبەستی باشتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٤٥٧٧ لە ٢٠٢٤/٩/٤**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

نیشانە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان بە ژمارە (١٠٨٢٩ لە ٢٠٢٤/٨/١٨) بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- گۆرینی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ) بۆ (بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ) لە قەزای ئاکرێ / پارێزگای دهۆک.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٣٣٥٧ لە ٢٠٢٤/٨/١٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٣٦٤٨ ) لە (٢٠٢٤/٨/٦ ) و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢١٢٦٠ لە ٢٠٢٤/٧/٢٩ ) و کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی کارگێڕیمان ژمارە (١٦٩٧٢ /ک لە ٢٠٢٣/٦/١٩ )، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

## بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤
## کرێی کارگێری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەڵگەکانی تاوان

**ماددەی (١):**

وەرگرتنی کرێی کارگێری خزمەتگوزاری بەڵگەکانی تاوان بە هەموو جۆرەکانییەوە بەپێی ئەم بڕە پارانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە.

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی کرێی کارگێری خزمەتگوزاری ( بەدینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محكومية بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان ئینگلیزی ) بۆ ناوەوەی وڵات | (٢٥،٠٠٠) بیست و پینج هەزار | بۆ یەک بەڵگەنامە |
| ٢ | بە ڵگەی بێ تاوانی(عدم محكومية )بۆ دەرەوەی وڵات | (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار | بۆ یەک بەڵگەنامە |
| ٣ | پشکنینیDNA | (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار | بۆ یەک سامپل |
| ٤ | پشکنینی بەراود کردن (مظاهاة ) (دەست نووس ، پەنجەمۆر و هە ر جۆرە بەراوردکردنی دیکەی دیکۆمنتی ) | (١٥٠،٠٠٠ ) سەدو پەنجا هەزار | بۆ یەک کە یس |
| ٥ | پشکنینی کیمیاوی ( بەهەموو جۆرەکان ) | (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار | بۆ یەک سامپل |
| ٦ | پشکنینی فیزیاوی (بەهەموو جۆرەکان) | (١٥٠،٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار | بۆ یەک سامپل |
| ٧ | پشکنینی ئامێری ئەلیکترۆنی و مۆبایل و پەیج و سایت | (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار | بۆ یەک پشکنین |
| ٨ | کرێی رێککارە کارگێڕییەکان | (٥٠٠٠) پێنج هەزار | بۆ هەر داواکاریەک |
| ٩ | پشکنینی چەک لە کاتی داواکردنی دەرهێنانی مۆڵەتی دەستداری و هە ڵگرتنی چەک و لە کاتی گۆڕینی چەک | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار | بۆ هەر مامە ڵەیەک |

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** ئەو کرێ کارگێرییانە کە لە ماددەی (یەکەم) ئەم بەیانە دیاری کراوە لە و کەیسانەی خوارەوە وەردەگرێت :-

١- ئەو کەیسانەی لە دادگا شارستانییەکان یان لە سەر داواکاری خودی هاووڵاتی یان کەسی بیانی دەنێردرێن .

٢- بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محكومية) بۆ ئەو داواکارییانەی لە لایەن کەرتی تایبەت دەنێردرێن و نوێکردنەوەی ساڵانەی بەهەمان بڕی پارە و تێبینی دیاریکراوی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە .
٣-ئەو بیانییانەی کە ساڵانەی کارتی نشینگە نۆی دەکەنەوە .

**دووەم:** ئەو کرێ کارگێریانەی کە لە ماددەی (یەکەم) ئەم بەیانە دیاری کراوە لەو کە یسانە خوارەوە وەرناگیرێت :-

١-کەیسە سزاییەکان کە لە دادگاکانەوە دەنێردێن .
٢-پشکنینی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوان و منداڵانی و نبووی کیمیابارانی هە ڵەبجە .
٣-کەسوکاری ئەو هاووڵاتیە عێراقیانەی کە لە ئەنجامی کۆچکردن بۆ دەرەوە ی ووڵات گیان لە دەست دەدەن .
٤-کەسوکاری پلەیەکی شەهیدانی سەنگەری ڕێگای رزگاری کوردستان .
٥- بڕگەی (١) ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە فەرمانبەرانی هە ر دوو ڕاژەی سەربازی و شارستانی لە کاتی دامەزراندنیان ناگرێتەوە .

**ماددەی (٣):**

١-ئەو کرێ کارگێریانەی کە لە ماددەی (یەکەم)ی ئەم بەیانە دیاری کراوە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان (دەنێردرێت- ئیداع دەکرێت) بۆ گەنجینەی حکومەت .
٢- دوای جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیە ، ڕێژەی ٥٠ % لە سەدا پەنجای کرێی کارگێڕی وەرگیراوە تەرخان دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هە رێم و نووسینگەکانی لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی پەرەپێدانی بواری لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان.
٣- بڕی ڕێژەی هاتوو لە بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە تەنیا بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت .
٤- کردنەوەی ئەژمێری بانکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی هەرێم ونووسینگەکانی لەپارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەمەبەستی دانانی ڕێژەی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە

**ماددەی (٤):**

١-کار بە هیچ نووسراو بەیان و ڕێنماییەک ناکرێت ناکۆک بێت لە گەڵ ئەم بەیانە .
٢- هە ڵوەشاندنەوەی بەیانمان ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ .

**ماددەی (٥):**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە: ٢١٧٣٦ لە ٢٠٢٤/٨/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٢) ی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) لە ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( پەیمانگەی پیشەیی کفری / خوێندنی ئینگلیزی ) کە ماوەی خوێندن تێیدا (٥) پێنج ساڵە لە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە /بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم کاری لەسەر دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ئالان حمه سعيد صالح**

**وەزیری پەروەردە**

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە: ٢٢٩٧٠ لە ٢٠٢٤/٨/٢٩**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٢٢) ی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) لە ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو بریارماندا بە :-

١- کردنەوەی ( کۆمەڵگەی پەروەردەی بارزانی نەمر ) سیستمی وەزارەتی پەروەردە / حکومەتی هەرێمی کوردستان / بەزمانی ئینگلیزی.

٢- لە رووی کارگێری و داراییەوە وابەستەیە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر .

٣- لە رۆژی دەرچوونی ئەم کاری لەسەر دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئالان حمه سعيد صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٦٠٠١ لە ٢٠٢٤/٨/٢٩**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی (٣) بڕگەی (یەکەم) و بڕگەی (٦) خاڵی (حەوتەم) و ماددەی (٥) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ، بڕیارماندا بە :-

١- لێکترازاندنی ( **بەڕێوەبەرایەتی باخداری** ) لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و بەستنەوەی بە ( **بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان** )

٢-گشت خەرجیەکان و کارەکانی دارایی و ژمێریاری لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان دەبێت.

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٦١٨٨ لە ٢٠٢٤/٩/٤**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی ( ٥ ) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ، و بڕیارماندا بە :-

١- گۆڕینی ناوی ( **پرۆژەی دارستانی چەناخچیان** ) بۆ ( **پرۆژەی دارستانی بێستان سوور** ) .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی نەخۆشخانەی( دەروونی ئافرەتان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٨/٤.

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی (یاسا دانان ) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٨/١١.

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی (هێلین) سە ر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تە ندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٨/١١.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**